داهاتوو ساڵێکی گرنگە بۆ نەتەوەکەمان, بتوانین باشتر کار بکەین لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و هەر سەرکەوتوو و سەر بەرز بن, ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین تەشریف بێننە ئێرە بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان, فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێت یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەکان من نازانم بە چ زمانێك هاتووە, بەڵام زۆر جار گوتومانە و داواشمان کردووە, ئەگەر بێتو دەست بەوە بکەین, بەتایبەتی با خوێندنەوەی یەکەم بە کوردی بێت, بەڵام نازانم لیژنەی یاسایی خۆیان بۆچی ئامادە کردووە, بەڵام با خوێندنەوەی یەکەم بە کوردی بێت, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەڵێ باشە, سوپاس, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کاك تارق جامباز یاسای مافی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دەخوێنێتەوە, بەڵام پێم خۆشە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئاگادار بکەمەوە, کە ئەو تەرجومەی کوردی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە, ئەگەر هەر رەخنەیەکتان هەبێت لە لیژنەی یاسایی نەگرن, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان, دەقی یاسای مافەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دەخوێنینەوە:

**یاسای ژمارە(    )ی ساڵی 2006**

**یاسای مافەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:**

ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2-وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

3-وەزیر: وەزیر ی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

4-یاسا: ماف و تایبەتکاریەکانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

5-ئەنفالکراو: هەرکەسێك ژیانی لە دەست دابێ یان زەرەرمەندبێ یان تا ئێستا چارەنووسی نادیار بێ لەئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان.

6- سەبارەت بە بڕگەی -3- (یەکەم) لەماددەی هەشتەم لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە دابڕێژرێتەوەو بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:

3- سەبارەت بە شەهیدبوونی زیاتر لە کەسێك لەهەمان خێزان ئەوا مووچەکانیان بە پێی پێرەوێکی تایبەت وبەم ڕێژانەی خوارەوە دادەنرێت.

بەهیوای سەیرکردنی و خستنەڕووی پرۆژەی ئەسڵی و لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسایی لەسەری بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن و دیاری کردنی ڕای گونجاو سەبارەتی. لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهربان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ

لیژنەکەمان لە ڕۆژی 2007/1/10 کۆبوونەوەیەکی تایبەتی سازدا, بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە پڕۆژەی یاسای مافەکانی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوی هەرێمی کوردستان- عێراق, کە لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەکرابوو, پاش لێکۆڵینەوە ئەو ڕاسپاردەو پێشنیارانەی خوارەوەمان لەلا گەڵاڵە بوو:

1- سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە بڕگەی (7) بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

(کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان مێردو ژنان و کوڕو کچ و باوك و دایك و خوشك و برایەکان یان ئەو کەسانەی کە بەبڕیاری دادوەری شەهید و ئەنفالکراو بە خێوی دەکردن)

2- سەبارەت بە ماددەی چوارەم بڕگەی (2) ماوەی (10) ڕۆژە بکرێ بە (30) ڕۆژ.

3- سەبارەت بە ماددەی شەشەم:

یەکەم: دووبارە دابڕێژرێتەوەو بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

1- کەس و کاری شەهید و خەباتکاری ئەنفالکراو و هاووڵاتی بەپێی یاسایەکی تایبەت مافی خانەنشینیان هەبێت.

– سەبارەت بە (دووەم) لەهەمان ماددە بڕگەی سێیەم بەم شێوەیە بێت:

کچ تاوەکو دادەمەزرێت یاخود شوو دەکات.

– سەبارەت بە دەستەواژەی بەپێی ڕێنمایەکانی وەزارەت دەریدەکات لابردرێت.

– سەبارەت بە دووەم لەهەمان ماددە بڕگەی شەشەم ئەم دەستەواژەی بۆ زیاد بکرێ, بەهەمان مەرجی کوڕو کچی شەهید خانەنشینیان بۆ خەرج بکرێ.

– سەبارەت بە سێیەم لەهەمان ماددە بکرێت بە دوو بڕگەو بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

1- بەشی باوك و دایك تا لە ژیاندا مابن سەرف بکرێ.

2- بەشی ژن و مێرد تا ئەو کاتەی خێزانێکی نوێ پێك دەهێنن, سەرف بکرێ.

چوارەم: سەبارەت بە ماددەی هەشتەم (1) بڕگەی یەکەم, بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:-

**خانەوادەی شەهیدی خەباتکار و کیمیاباران و ئەنفال و هاوولاتیان یەکەیێکی نیشتەجێبوونیان لە شوێنی لەدایك بوونی خۆی بۆ دابین بکرێ.**

**– سەبارەت بە دووەم لەهەمان مادده برگە دووەم (کچان)ی بۆ زیاد بکرێ.**

**ئەوانەی سەرەوە راسپاردەو بۆچوونی ئەندامانی لیژنەکەمان بوو, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, بۆ هەردوو لیژنە یاسایی و مافی مرۆڤ, ئێستا دێینە سەر ئەسڵی ماددەکە, مادده بە مادده دەیخوێنین, ئینجا رای لیژنەی یاسایی و رای لیژنە مافی مرۆڤ و رای جەنابی وەزیر وەردەگرین و دەرگاش دەکەینەوە بۆ موناقەشە, فەرموو بۆ خوێندنەوەی ئەسڵی یاساکە و, موقتەرەحەکەی لیژنە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێستا کاك زانا پڕۆژەی یاساکە بەکوردی دەخوێنێتەوە.**

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای مافەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان_عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم: ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن, بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

**1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**2-وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.**

**3-وەزیر: وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.**

**4-یاسا: یاسای ماف و تایبەتکاریەکانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.**

**5-ئەنفالکراو: هەرکەسێك ژیانی لەدەست دابێ, یان زەرەرمەندبێ, یان تا ئێستا چارەنووسی نادیار بێ لەئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان.**

**6-شەهید: بە شەهید دادەنرێت هەر کەسێك ژیانی لە دەست دابێ بەپێی ئم پێناسانەی خوارەوە:**

**أ-شەهیدی خەباتگێر: هەر کەسێك بە گیانی خۆی لە سەنگەری خەباتی چەکدارانەدا قوربانی دابێ یان لە خەباتی سیاسی، یان لە هەردووکیان دژبە رژێمە یەك لە دوای یەکەکان لە بەرگری کردندا لە بزافی رزگاریخوازی کوردستان و ئەوەی لە دوایدا هاتووە.**

ب-قوربانیــانی جینۆســاید: هــەر کەســێك ژیــانی لەدەســت دابــێ, لــە ئــەنجامی تاوانــەکانی کۆمــەڵکوژی (جینۆساید) لـە کـاتی تاوانـەکانی ئـەنفال یـان بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـاوی یـان لـەناوبردن و داپڵۆسـینی بارزانی و فەیلییەکان.

ج- قوربانیـان لـە هاووڵاتیـان: هـەر کەسـێك شـەهید بـووبێ، یـان ژیـانی لەئـەنجامی کارەکـانی جـەنگ یـان کردەوەیەکی تیرۆر یان لەکاتی کۆچەڕەوی ملیۆنی گەلی کوردستان لەدەست دابێ.

7- کەس و کاری قوربانیان و ئەنفالکراو: مێردو ژنان و کوڕ, باوك, براکان, خوشکان, یان ئەو کەسـانەی بـە بڕیاری دادوەری، شەهید بەخێوی دەکردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ, موقتەرەحتان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە بڕگەی حەوتەم, بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

(کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوان: مێردو ژنان و کوڕو کـچ و بـاوك و دایـك و خوشـك و برایـەکان، یـان ئەو کەسانەی کە بەبڕیاری دادوەری شەهید و ئەنفالکراو بە خێـوی دەکـردن)، لـەوێ تـەنها کـوڕ هەیـە کـچ نییە, ئێمە لێرە کچیشمان ئیزافە کردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی خاڵە هینەکانتان بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بەکوردی.

1- سەبارەت بە بڕگە (6)ی ماددەی یەکـەم لیژنـەکـەمان پێشـنیار دەکـات کـە دووبـارە دابڕێژرێتـەوە و بـەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

6- شـەهید: هـەر کەسـێکە گیـانی خـۆی لەدەسـت دابێـت لـە سـەنگەری خـەباتی چـەکداری یـان سیاسـی بـۆ بەرگریکردن لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستانی لە دژی رژێمە ستەمکارە یەك لەدوای یەکەکاندا یان لەسەرەنجامی تاوانەکانی کۆمـەڵکوژی (جینۆسـاید) یـان کـردەوە جەنگیـەکانی دژ بـە گـەلی کوردسـتان, بـەم جۆرەی خوارەوەش پۆلێن دەکرێن:

أ- شەهیدی خەباتگێڕ: هەر کەسێکە خۆی کردبێتە قوربانی لەسەنگەری خەباتی چەکداری یان سیاسی یـان هەردووکیان لە دژی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان لەکاتی بەرگری کردن لە بزاڤی رزگاری خوازی کوردسـتان و ئەوەی لەدوای دا هات.

ب- شەهیدی کۆمەڵکوژی: هەر کەسێ شەهید بووبێ یان گیانی لە دەست دابێت بەهۆی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی لەکاتی تاوانەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یان هەڵمەتە سەرکوتەکەرەکانی دژ بە بارزانی و فەیلیەکان ئەنجامدرا.

ج- شەهیدی هاووڵاتی: هەر کەسێ شەهید بووە یان گیانی لەدەست داوە بەهۆی کردارە جەنگیەکان یان کردەوە تیرۆریستیەکان یان لەکاتی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی یاسایی لێرەدا شەهیدی پێناسە کردووە لەماددەی شەش زیادە, هەروەها بڕگەکانی (ب, ج) لەجیاتی (ضحایا) کراوە بە شەهید, لە جیاتی قوربانی کراوە بەشەهید, کە بەعەرەبیەکەی بەم شێوەیە:

1- فيما يتعلق بالفقرة (6) من المادة الأولى تقترح اللجنة اعادة الصياغة وتقرأ كالآتي:

6- الشهيد: كل من فقد حياته في خندق الكفاح المسلح أو النضال السياسي دفاعا عن الحركة التحريرية الكوردستانية ضد الأنظمة القمعية المتعاقبة أو نتيجة جرائم الإبادة الجماعية أو الأعمال الحربية العدوانية ضد شعب كوردستان, ويصنف وفق التعريفات التالية:

أ- الشهيد المناضل: كل من ضحى بنفسة في خندق الكفاح المسلح أو النضال السياسي أو من جرائهما ضد الأنظمة المتعاقبة دفاعا عن الحركة التحريرية الكوردستانية.

ب- شهيد الأبادة الجماعية: كل من استشهد أو فقد حياته نتيجة جرائم الأبادة الجماعية أثناء جرائم الأنفال أو استعمال الأسلحة الكيمياوية أو الحملات القمعية ضد البارزانين و الفيليين.

ج- الشهيد المواطن: كل من استشهد أو فقد حياته نتيجة الأعمال الحربية أو الأعمال الإرهابية أو أثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو چنار, هیچ موڵاحەزەیەکت هەیە لەسەر هەردوو ئیقتیراحی لیژنەی مافی مرۆڤ و یاسایی؟

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی لیژنەی یاسایی دەکەم, ماندووبووینە پێکەوە دانیشتین, هەروەها بەڕێزان لە لیژنەی مافی مرۆڤ دیارە موڵاحەزاتیان هەیە, بەلاَم ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی رێککەوتین لەسەر ئەو گۆڕانکاریانە, گۆڕانکاریەکان لە مەزمون گۆڕانکاری دروست ناکات, بەڵکو تەنها رێکخستنی تەکنیکیە, بۆیە ئێمە هیچ مانیعەتمان نییە، لەگەڵ لیژنەی یاساین, ئەوەی کە لیژنەی مافی مرۆڤ ئاماژەی پێدا باسی کچیان کردووە, دیارە لە کوردیەکە دەرنەچووە, بەلاَم لە عەرەبیەکە هەیە، بۆیە پێم وایە شتەکە هەیە، پێویست بە گۆڕانکاری ناکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من یەك رجام هەیە, تەبعەن كە موناقەشە دەكەن لەسەر ماددەكە موناقەشە بكەن, لە ماددەی یەكەم ئەو تەعریفاتانە نەچنە سەر مەبادئێكی تر، هەریەك بۆ چوونێكی هەیە, یەعنی موناقەشەكە حەسر بكەن, بە خودی ماددەكە, تكایە، ئەوەی دەیەوێ قسە بكات دەستی بەرزبكاتەوە؟ ناوتان دەنووسم, خاتوو پەخشان, كاك كاملا, مامۆستا انور, كاك ئاریز, كاك بارزان, كاك دلێر, شێخ جعفر, پیر خدر, كاك رشاد, خاتوو سارە, كاك سردار, سۆزان خان, د0 هالە, د0 ناصح, كاك حاتم, كاك عوسمان, خاتوو كەژاڵ, كوردستان خان, كوێستان خان, كاك دیلمان, محمد حكیم, د0 شوكریە, د0 نوری, گەلاوێژ خان, ڤیان خان, كاك بكر, كاك عادل, تكام وایە ئەگەر یەكێ رەئیەكی هەبوو ئەوەی تر هەمان رەئیی تیكرار نەكاتەوە و, هەریەكە لەئێوە بۆی هەیە دوو دەقە قسە بكات, چونكە ماددەی ترمان هەیە وهەر بەیانیشمان لەبەردەست دایە, هەروەها قانونی تریشمان هەیە, ئێستا دەستی پێدەكەین, فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێناسەكەی لیژنەی یاسایم بۆ شەهید, عەرەبیەكە دەڵێ (الأعمال الحربیة العدوانیة ضد شعب كوردستان, ویصنف كالتالی) ئیتر تعریفاتی ناوێ، چونكە لەسەرەوە تەعریفی كردووە, (الشهید المناضل, شهید العملیات الأبادة الجماعیة, الشهید المواطن) خەباتگێرو ئەوانەی ئیبادەی عەملیاتی جەماعی هەر هاوولاتین, بۆیە پێم باشە ئەوە ببێت بە شەهیدی مەدەنی, لە برگەی (7)ی هەمان ماددە, ئێمە لەسەرەوە تەعریفی شەهید كراوە لەبەر ئەوە پێویست ناكا موئەنفەل و زەحایە هەر بڵێین كەس و كاری شەهیدان, یەعنی عەوائیلی شەهیدان, سوپاس.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر فەقەرەی (ج), باس لە قوربانیانی هاوولاتی دەكا, لەشوێنیكیان زۆر بە فراوانی باسی دەكات لەئەنجامی شەر، لەئەنجامی كام شەرە؟ ئەوانەی كە قوربانی هاوولاتین لەئەنجامی كام شەرە؟ ئەو شەرەی كە سەپێنراوە بەسەر گەلی كوردستاندا دەبێ ئەوە بێ, دەنا ئەوە زۆر فراوانە, نەوەك ئەو شەرانەی كە دژی گەلی كوردیشە دەیگرێتەوە, بە رەئیی من دیاری بكرێت, ئەوەی تریش لە كاری دژە تیرۆری یان ئیختلال كردنی سیاسی بە رەئیی من بخرێتە سەر فەقەرەی (أ) یان بكرێتە شەهیدی خەباتگێر, ئەوانەی كە لەئەنجامی كارێكی تیرۆرستیدا, ببێتە شەهیدی خەباتگێر, هەر تەنها ئەو دوو تێبینیەم هەبوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێشنیار دەكەم, هەر پێنج، شەش كەس قسەی كرد جەنابی وەزیر وەڵامیان بداتەوە, ئەو برادەرانەی تریش ئەگەر قسەكانیان كراوە و وەڵامیان دراوەتەوە ئەوا بڵێن قسەكانمان كراوە بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە وەخت بكەین, مامۆستا انور فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم لە بەڕێز جەنابی وەزیر هەیە, لەتەعریفی شەهیددا باس لە جینۆساید و, سەنگەری خەبات دەكات, بەڵام لەپاش كۆڕەوەكە خەڵكەكی زۆر دەست بەسەركراو گیراو بزربوو, نەهاتنەوە تا نیوڕانەكەی یەعنی تەقریبەن ئەحكامەكەی عورفی بوو, لەهەولێر چوار سەد، پێنج سەد نەفرە, یەعنی پرسیارەكەم ئەوەیە ئەوانە لە چ بابێك جێگەیان دەبێتەوە و, چ ناوێكیان لێئەنرێ؟ چونكە لەپاشی قانونی وەزارەت شەهید و ئەنفالكراوان گوێم لەخەڵكانێك بوو باسی ئەو كەسانەیان دەكرد, كەمن مەجموعەیەك دەناسم, بزانن ئەوانە لە كوێ جێگایان ئەبێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم, ناوی یاساكە (قانون حقوق ذوی الشهداء) بێت و بەس, چونكە كە ئێمە دەڵێین قانونی شوهەدا و موئەنفەلین یەعنی جیا دەكرێتەوە, ئەمە یەك.

دوو: ئەگەر جیاش نەكرێتەوە ئەوا ناوی شەهیدانی كیمیاباران نەهاتووە, مادەم ئێمە لەخوارەوە پۆلێنی شەهیدمان هەیە هەر یاسای كەس و كاری شەهیدان بێت و بەس, پاشان (الشهید المناضل) پێشنیار دەكەم بگۆڕێ و بكرێتە (شەهیدی بەرنگاربوونەوە و شەهیدی ڕووبەڕوو بوونەوە), چونكە ئەوانەی لە شەهیدانی كیمیاباران و شەهیدانی ئەنفالكراوەكان خەڵكی خەباتگێڕو تێكۆشەر بوون, مادەم تەسنیفەكە كراوە من پێشنیار ئەكەم بكرێتە شەهیدی بەرنگاربوونەوە یان شەهیدی رووبەڕوو بوونەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە لە شەشەم, پێناسەی شەهید كراوە دەڵێ (هەر كەسێك كە گیانی خۆی لەدەست دابێت لە سەنگەری خەباتی چەكداری یان سیاسی بۆ بەرگریكردن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان) خۆی بۆ بەرگریكردن لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان نییە, بزووتنەوەی رزگاریخوازی خۆی هەموو بەرگریكردنە لە گەل و لە نیشتمانی كوردستان، پێویستە ئەمە ئاڵوگۆڕی تیادا بكرێ, چونكە بزووتنەوە بە تێكڕایی بەرگریكردن بووە و, شەهید لەناو بزووتنەوەدا بووە, یەعنی سەردەمی بزووتنەوە رزگاریخوازیەكە وای لێبكرێ، یان بۆ بەرگریكردن لە گەل و نیشتیمان وای لێبكرێ, ئەمە یەك.

دوو: لە پێناسەی شەهیدی خەباتگێڕدا, لێرە دەڵێ (هەر كەسێك كە خۆی كردبێتە قوربانی لەسەنگەری خەباتی چەكداری یان سیاسی یان هەردووكیان) دیارە شەهید لە یەك سەنگەر شەهید دەبێ, سیاسی یان

چەکداریە, من پێناسەیەکی ترم نووسیوە, ئەگەر بە پەسندی بزانن (شەهید هەر کەسێك کە لەپێناوی گەل و نیشتیمان لەسەنگەرەکانی خەباتدا گیانی خۆی بەخشی بێ, جا ئەو سەنگەرە زیندان بێ یان سەنگەری پێشمەرگایەتی یان هەر شتێکی تر بێت) پێم وایە جوانتر لایانەکان دەگرێتەوە.

لە (ب)دا کاتێك باسی لە بارزانیەکان و ئەنفالەکان دەکرێت، بێگومان ئەوە دوو کارەساتی گەورەن, بەلاّم ئێمە دەزانین لەوەتی بەعس هاتۆتە سەر حکوم لە 68 بەرنامەی جێنۆ سایدی کوردی هەبووە, سەرەتا لە فەیلییەکان دەستی پێکرد لە سالّی 75 و 70و لە سالّی 80, 85 بەرە بەرە قورسی کردیە, یەعنی تاریخی جینۆسایدی کورد یان پرۆگرامی بەعس لە قڕکردنی گەلی کوردستان, کو بلّێین تاریخەکەی کەم دەکەینەوە, من پێم وایە ئەم تایبەتمەندیە نەبێ, چونکە لەو رۆژەی کە بەعس هاتە سەر حکوم بەرنامەی قڕکردنی کورد یان لەناو بردنی گەلی کورد بەهەر وەسیلەیەك هەبوو, بەلاّم کە دەلّێن بارزانی و فەیلییەکان جیای ئەکەیتەوە، من پێم وایە هەمووی بەرنامەکەی ئەوە بووە, لەبەر ئەوە ئەوانەش شەهیدن بەبێ ئەوەی ناویان بێنین, ئەوە ئەچێتە تاریخی جینۆ سایدی کورد, شەهیدی هاوولاّتیش, هەروا پێم وایە شەهیدی قڕکردنە, لەبەر ئەوە بەرنامە هەبووە، بۆیە ئەو هەموو شەهیدە هەبووە, یەعنی ئەوەیش پێویست ناکا تایبەتمەندی بۆ بکرێ, چونکە بەشێکە لە شەهیدی کۆمەلّکوژی یاخود شەهیدی بەرنگار بوونەوەیە یان شەهیدی دەستی قڕکردنی گەلی کوردستانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سرەی یەکەم وابزانم تەواو, جەنابی وەزیر خاتوو چنار وەلاّمیان دەداتەوە, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك باپیر پرسیارەکەی باسی حەربیەکانی کرد, لێرەدا مەبەست ئەوەیە هاوولاّتی هەیە بە فڕۆکە شەهید بووە, لە نەتیجەی ئەوەی مەقەڕاتی پێشمەرگە لە شوێنك بووە لە گوندێ قەسفی کردووە, رەنگە هەدەفی مەقەڕات بووە, بەلاّم گوندەکە زۆربەی بەر قەسەفەکە کەوتووە یان تۆپ باران کراوە, یان قەسفی تەیارە یان ئەلّغام زۆر جار هاوولاّتی بۆتە قوربانی ئەو کارەساتانە, بۆیە کە دەلّێین حەربی، مەبەستمان لەو خەلّکانەیە کە بەم کارەساتانە دەڕۆن, بەلاّم سیڤلن واتە مەدەنینە, دوایی لە شوێنکی تر باسی کۆڕەو کرا, مامۆستا باسی کرد وتی ئەوانەی لە کۆڕەو شەهید بوون، ئەدی ئەوانەی کە لەناو شارەکان مەفقود بوون, بێگومان ئێمە کە باسی کۆڕەو دەکەین جگە لەوانەی کە لەکۆڕەکە، لە رێگایەکە شەهید بوون, ئەوانەش دەگرێتەوە کە لەناو شارەکان مەفقود بوون, یەعنی دەچێتە ناو ئەو پێناسەیە. کاك بارزان باسی ناونیشانی یاسایەکەی کرد, بێگومان ناونیشانی یاسایەکەمان وەکو ناونیشانی وەزارەت هەلّبژاردیە, وەزارەتەکەمان

نـاوی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکراوەکانـە کـاك زانـا چـەمکەکەت بەشـێوەیەکی تـر هێنـا ئەنفالکراوەکان, بۆیە ئێمە یاسایەکەمان ئەم ناوە لێنایە.

ئەوەی تر کاك ئارێز لە هەندێك لە موستەڵەحات باس دەکا, منیش لەگەڵ کاك ئارێزم، ڕەنگە هەندێ کەم و کورتی لەمەسەلەی داڕشتنی جوملەکان هـەبێ، گۆڕانکاری پێویسـتە چـەند بتـوانین دەوڵەمەنـدی بکـەین ئیشکال نییە, بەلاّم لەمەسەلەی تاریخی قڕکردن کاك ئارێز دەڵێ تاریخەکە زۆر کورت کرایتەوە, کـاك ئـارێز لێرە باسی ئەوە دەکا (نتيجة جرائم الابـادة الجماعيـة), دەڵـێ تـاوانی کۆمـەڵکوژی مانـای ئەوەیـە سـەقفێکی زەمـەنی دانـەناوە, لەکەیـەوە دەسـتی پێکـردووە کۆمـەڵکوژی؟ لـەو تاریخـەی کـە جـەنابت باسـی دەکـەی لـە حەفتایەکان و شێستەکان, ئینجا ئێمە بەعەمدەن ئـەو ناوانـەمان بـاس کردیـە, (سـەدام حسـین) لـە 88 بـە ڕەسمی ناوی لە ئەنفال نا, ئینجا ئێمە بۆ تاریخ ئەمانەوێ بـە قـانون تەسـبیتی بکـەین, مەسـەلەی ئیبـادەی بارزانیـەکان و فەیلییـەکانیش ئەمـە شـتێکی جیـاوازە لەگـەڵ ئـەنفالی 88 لەبـەر ئـەوەی (سـەدام حسـین) ئەوانەی لە 83 یەکێ تریـان لـە 79 لـە 80 دەسـتی پێکردیـە, ئێمـە بـۆ تـاریخ دەمانـەوەێ ئـەم جەریمانـە تەسبیت بکەین لێرە, بەلاّم کە دەڵێین قەمعی جەرائیمی ئیبـادەی جـەماعی, مانـای وایـە هـیچ تاریخێکمـان نییە, لە شەستەکان حیسابی بۆ بکەین, پێم وایە وەلاّمەکان هەر ئەوەندە بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ تەوزیحات, تەوزیحاتەکان پێم وایە ڕاستن, بەلاّم یەك جوملە هەیە لە تعریفی شـەهید کـە دەڵێ (دفاعا عن الحركة التحريرية كوردستانية), ئەو مولاّحەزەیەی کە درا, ئەگەر بکرێ ببێتە (دفاعـا عـن شعب كوردستان و الحركه التحريريه الكوردستانيه) ئەگەر وابکرێ ئـەو مانایـەی کـە کـاك ئـارێز داوای کـرد دەیگرێتـەوە, یـەعنی هـەردووکی دەگرێتـەوە, (الشـهيد المناضـل) ئـەو مولاّحـەزەی کـە درا وەکـو شـەهیدی سـەنگەر وایـە, دەبـێ فـەرقێك هـەبێ, ئـەو کەسـەی بـە ئیختیـاری خـۆی بڕیـار دەدات بچـێتە نـاو (الحركـة التحريريـة) ببێتـە پێشـمەرگە خـەبات بکـات, هـەردووکیان لەنەتیجـە شـەهیدن, بـەلاّم فـەرقیان هەیـە، یـەکێکیان بـەئختیاری خـۆی شـەهید بـووە, ئـەوەی تـریش شـەهیدە لـە نەتیجـەی سیاسـەتی دوژمـن, بۆیـە زەروریە ئەو تەفسیرە لێرە هەبێت, بۆ ئەوەی زوڵم لەوانەی دواوە نەکەین, لـەم لاوە دەسـت پێدەکـەین, د0 هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگـە (6) (ب) کۆمـەڵکوژی (جینۆسـاید) نییـە, (جینۆسـاید) یـەعنی تـەتهیر عیرقـی, یـەعنی پاکتـاوی نـەژادی, هیـوادارم ئـەم تەرجومەیـە چـاك بکـرێ و, پرسـیارێکم لـە جـەنابی وەزیـر هەیـە, بەنیسـبەت ئـەو کەسانەی زیانی جەستەییان لێکەوتووە لە ئەنجامی کیمیاباران ماون شەهید نەبوویـنـە, ئەوانـە سـەر بـەکام وەزارەتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0 نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به شێك لەو تێبینیانەی کەوا من تۆمارم کردووە, بەشێك لەبرادەران ئاماژەیان بۆ کرد, منیش لەگەڵ بۆچوونی پەخشان خانم کە دەڵێ (شەهیدی مەدەنی چاکترە لە شەهیدی سیڤل), سەبارەت بە شەهیدی خەباتگێڕ بکرێت بە شەهیدی بەرنگاربوونەوە, بەڵام پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر, لەماوەی 64 تاوکو 97 بەهۆی شەڕی ناوەخۆ کۆمەڵێك خەڵك کوژران, بەو تەعریفەی لێرە هاتووە ئەوانە ناگرێتەوە, حەز دەکەم جەنابی وەزیر ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە ئەوانە دەچنە چ قالبێکەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەهیدانی شەڕی ناوەخۆش هەر شەهیدن, چونکە لەئەنجامی بیروباوڕێك بووە, ئەگەر چی ئەوە لایەڕەیەکی سلبیە لاپەڕەیەکی ناخۆشە لە خەباتی گەلەکەمان لە مێژووی گەلەکەماندا, بەڵام شەهیدن ئەوەش ئەسبابێکی تایبەتی هەیە لەتەواو بوونی ئەو حەرەکەیە, حەرەکەی تەحەرروری کوردی, لاپەڕەی گەشی هەیە سەربەرزیە و, لاپەڕەی ناخۆشیشی هەیە، ئەمانە قوربانیانی سیاسەتی غەڵەتن، کە لایەن هەندێك سەرکردە پەیڕەو کرایە بۆتە هۆی ناکۆکی, تەبعەن بەشێکی بەهۆی بەردەوامی سیاسەتی دوژمنان بووە تەئسیری کردووە, لەبەر ئەوە شەهیدانی شەڕی ناوەخۆ هی هەر لایەك بن شەهیدن وەکو شەهیدی سەنگەر, ئەمەش بە ئیتیفاقە لە قیادەی سیاسی لە قانونی شەهیدان لە هەردوو ئیدارەوە ئیعتباری بۆ کراوە, بەڵێ د0 نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوەبوو بەو تەعریفەی کەوا لێرە هاتووە, ئەوان ناگرێتەوە بەو چەشنەی کەوا لێرە پێناسە کراوە چاپکرێ, بۆ ئەوەی ئەوانیش بگرێتەوە من مەبەستم ئەمە بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەحقیقەت ئێمە نامانەوێ لە قانونێك تەوسیقی ئەو وشەیە بکەین, کەنامانەوێ تیکرار بکرێتەوە لەبەر ئەوە ئەو وشەیە لەقانون تەوسیق ناکرێ, بەڵام شەهیدی ناوەخۆ شەهیدن وەکو شەهیدی سەنگەر ئیمان و بڕوای هەبووە و بیروباوەڕی هەبووە بە حیزبەکەی، تاریخ ئیسپاتی کردووە هەردوو لا، هەر سێ لا، هەر چوار لا هەمووی غەڵەت بوون, بەڵام شەهیدەکان شەهیدن، جێگای ئیحتیرامن و هەموو حقوقێکیان هەیە، هەموو مافێکیان هەیە، لێرەدا لە شەهیدی سەنگەر دەیان گرێتەوە بەبێ ئەوەی تەعریف بکرێت, د0 ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێش هەموو شتێك ئەو تەسەلسولەی دانراوە, (5) بچێتە جێگای (6) و (6) بچێتە جێگایی (5), چونکە شەهید ناوێکی پیرۆزە و, پلەیەکی بەرزە لە خەباتدا, بۆیە شەهید بخرێتە پێش موئەنفەلینەوە, ئەمە یەك.

دوو: بەنیسبەت شەهید کە پۆلین کراوە, (أ) نووسرایە (شهيد المناضل), من پێم وایە (أ) بکرێتە دوو برگە باشترە لەوەی کە بەم شێوەیە بێت, چونکە لێرە دیسان پۆلین کردنی پێویستە, ئێمە شەهیدی پێشمەرگایەتیمان هەیە, پێشمەرگە وەکو ئەزانین بە ئارەزووی خۆی ئەو رێبازەی هەڵبژاردووە, خۆی ژیانی خۆی خستۆتە مەترسی بۆ ئەوەی خەبات بکات لە پێناوی کورد و کوردستاندا و, ئەوەی کە ماوەو نەمردوون, بەلأم شەهیدی زیندوون, چونکە خوای گەورە ئەوانەی نەبردۆتەوە، ئەگینا شەهیدن, لەبەر ئەوە شەهیدی پێشمەرگایەتی هەبێت, تەبعەن ئەوانەی لەناو خەباتی پێشمەرگایەتی مردن ئەوا شەهیدی پێشمەرگایەتی بیگرێتەوە, هەر لەناو (شهيد المناضل) بکرێتە شەهیدی خەباتی سیاسی و کوردایەتی و کوردستانی بە عەرەبیەکەی (شهيد النضال السياسي في الحركة التحريرية الكوردستانية ) ئەوە جیادەکرێتەوە, راستە شەهید هەر شەهیدە بەلأم لێرە شەهیدی سەنگەر, کە ئەڵێین شەهیدی سەنگەر مەبەستمان شەهیدی پێشمەرگایەتیە پێش هەموو شتێك, ئەوانی تریش هەر شەهیدن، بەلأم شەهیدی خەباتی سیاسین, بۆیە (أ) بکرێتە دوو برگە وەك (شەهیدی پێشمەرگایەتی, شەهیدی خەباتی سیاسی کوردایەتی و کوردستانی).

بەنیسبەت ئەوەی تر کەنووسرایە (في النضال السياسي), تەبعەن بکرێتە کورد و کوردستانی, برگەی (ب) نووسرایە (ضحايا الابادة الجماعية) لێرەش پێم وایە پێش و پاش بکرێ باشترە, چونکە ئەگەر بەپێی تەسەلسول بێ دەبێ ئێمە بڵێین شەهیدانی شەستەکان, چونکە لە شەستەکان شەهیدی ئیبادەی جەماعیمان هەبوو, وەك لە کویسنجاق و سلێمانی لەزەمەنی (زەعیم صەدیق) خەڵکیان بەداریێ دەکردو زیندە بە چاڵ دەکردن, بۆیە دەبێ بڵێین شەهیدی شەستەکان ئینجا باسی بکەین و پۆلینیان بکەین (الفيليين والبارزانيين) ئەوانەی لە حەفتاکان یان هەشتاکان ئیستعمالی ئەسلیحەی کیمیایی یەعنی تەسەلسولەکە بەم شێوەیە بێت, دووبارەی دەکەمەوە, شەهیدی شەستەکان, شەهیدی حەفتاکان, هەشتاکان بۆیە پۆلین بکرێن باشترە (الفيليين و البارزانيين), ئینجا دوایی جەرائیمی ئەنفال و ئیستعمالی ئەسلیحەی کیمیاوی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر هەر تەسنیفی دەکەین, یەکێ لە تەسنیفەکان شەهیدی سەنگەر بێت, پێم وایە شەهیدی سەنگەر لەسەرووی هەموو جۆرەکانی تر بێت, ئەمە تێبینی یەکەم. پاشان لە برگەی (أ) لە تەقریری راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە, لەئاخیرەکەی نووسرایە (ئەوەی لەدویدا هات), ئەوە نەمێنێ وازح نییە, (لەدویدا هات) ئەی (کەی دەدرێت), یەعنی من پێم وایە ئەمە لاببردرێت, پاشان هەندێ

ئستیفسارم هەیە لەهەندێ جۆری کوشتن, ئێستا هەیە ئەم جۆرانە دەچنە کام تەسنیفەوە, بۆ نموونە ئەوانەی کە لە موزاهەرە, ئەو گەنجانەی کە رووداوێك دەبێ موزاهەرە دەکەن لە شارێك دەکوژرێن, دوو: ئەوانەی لە رێگا تەقەیان لێئەکرێ هاوولاّتین بەتایبەت ئەمریکیەکان, زۆر جار لەرێگا و بان، یان ئەو دوو, سێ رووداوەی کە لەم ماوەیە لە کوردستان روویدا, دابەزین و گەرەکێك تۆق ئەکەن بۆ ئەوەی بە شوێنێك بگەن, دەبینین هاوولاّتی پێوە ئەبێ, سێیەم: تۆپ باران, هەندێ جار ناوچەکانی کوردستان تۆپ باران دەکرێ و لەم لاو ئەولاو هاوولاّتی بەر دەکەوێ, ئەم جۆرە هاوولاّتیانە لە چ جۆرە تەسنیفێك جێیان ئەکاتەوە وەزارەتی شەهیدان, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موعالەجە کراوە لە ئیقتراحی لیژنەی قانونی, خۆی لیژنەی قانونی ئەمەی لابردووە, ئەوانی تریش هاوولاّتین ئەوانە لێرە موعالەجە ناکرێ, مومکینە بە قانونێکی تایبەت موعالەجە بکرێ, یان بە هاوولاّتی ئیعتیباری بۆ بکرێ, ئەگەر نا هەموو رۆژێك قومبەلەیەك, حادیسەیەك دەبێ, یان بەغەلّەت هێزەکانی بیانی کە لێرە شەرِی ناوخۆ ی شەهیدانە بەغیری ئەو تەعریفاتە زۆر بچێتە ناو تەفسیلاتێکی زۆر لەهەدەفەکەی دەردەچین, پێم وایە ئەگەر چی دوایی جەنابی وەزیریش جوابی بداتەوە, گەلاّوێژ خان.

**بەرێز گلاویژ شابا ججی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی (4) تەعریفی قانون ( قانون حقوق وامتیازات ذوی الشهداء والمؤنفلین) کەچی عینوانی قانونەکە ( قانون حقوق ذوی الشهداء), یەعنی بدون ئیمتیازاتە, ئەمە یەك. بەنیسبەت فەقەرەی (6) برگەی (2) هەروەك کاك ئارێز فەرمووی پالّپشتی دەکەم, تەنیا ئەوەی دەمەوێ زیاتر روونی بکەمەوە هەروەك ئەوەی جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا کە دەلّێ ( ئەنفال تەحدیدی نەکراوە) و, کاتێ ئەسنائی ئەنفال, جەرائیمی ئیستخدامی ئەسلیحەی کیمیای ئەوا وەختە تەحدید دەکرێ, کەچی ئێمە ئەگەر ئیبادەی جەماعی بێ، ئەگەر ئەنفال بێ کراوە پێش شەستەکانیش, بەنیسبەت ئێمەی گەلی کلدو ئاشووری لە سالّی 33 ئیبادەی جەماعیمان کراوە, ئایا ئەوانە ناچنە ژێر ئەو قانونە؟ زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد احمد صالح:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی (5) (المؤنفل)( کل من فقد حیاتە إو تضرر) بە قەناعەتی من زۆربەی خەلّکی کوردستان موتەزەریر بووینە لەئەنفال و عەمەلیات, ئەوە دەبێ تۆزێك موحەدەد بێت, ئەگەر بلّێین (تعوق) یەعنی عەوقی پێ گەشتبێ, ئەوە رەنگە لە زیمنی قانونەکە بێتن, بەلاّم موتەزەریر زۆر فراوانە مومکنە تەحەمولی زۆر تەفسیرات بکات, من لەگەلّ رەئیی پەخشان خانم کە شەهید دوو شەهید بێت, شەهیدی عەسکەری و مەدەنی بێت, مەدەنی هەموویان دەگرێتن, هەتا ئەنفال, ئیبادەی جەماعی, هەموویان دەگرێتەوە, هەر لەبرگەی شەش دا پاش جەرائیمی ئیبادەی جەماعی یان ئەعمالی حەربی, ئەعمالی حەربی فراونترە، ئەگەر

ببێتە عەملیاتی عەسکەری دگەل مولحەقاتی سیاسی, چونکە زۆر خەڵك لەناو زیندانەکان عەزابیان خواردووە و شەهید بووینە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, قسەکانم کران.

**بەڕێز کوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەشەهیدان و ئەنفال ئێمە هەرچی بکەین بۆیان هەر کەمە, بەلأم بەنیسبەت پێناسەی شەهید کە لێرە پێناسەی کراوە, شەهیدی خەباتگێڕو شەهیدی سەنگەر, بەلأم لێرە شەهیدی تریشمان هەیە, بۆ نموونە خەباتی سیاسیان کردووە, ئەوانە حەقە شەرحێکیان بۆ بکرێ, یان ئەو جۆرە شەهیدانە چ جۆرە سەنفێك دەیان گرێتەوە, بۆ نموونە شەهیدمان هەیە لەحەپسەکانی سەدام ئیعدام کراون, یان لەژێر ئەشکەنجە کوژرانە و شەهیدکرانە, ئەوانە دەبێ باس لێبکرێن, مەسەلەن قەسف، هەتا ئێستا هیچ باس نەکرایە لە هیچ ئیعلامێك، وەکو دیاریشە بەدەیان کەسمان ئەلەوێ ئیعدام کرایە, بۆیە ئێمە پێمان خۆشە باس لەم وشەیە بکرێ وەکو نموونە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە شەهیدی خەباتگێڕ دەیگرێتەوە, خاتوو کەژاڵ.

**بەڕێز کەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, پێشنیارەکەمیان وت.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوسخە عەرەبیەکەم لایە لە ئەسڵی قانونەکە, لە بڕگەی (ب) ئەوە ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی ئێمە قسە لەسەر پاداشتێك بکەین بۆ کەس و کاری شەهیدان, ئەوانەی کە ماون, ئەگینا قوربانیانی ئێمە لە دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە دەست پێدەکات، لەشۆڕشی شیخ مەحمودەوە دەست پێدەکات, هەتا ئەو قوناغە ئەبڕین ئێمە قوربانیمان داوە, لە پێناوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد, ئەمە ئەچێتە مێژووی قوربانیانی شەهیدانەوە, بەلأم کە قسە لەسەر پاداشت دەکەین بۆ ئەوان دەکەین, ئەوانەی کە ئێستا زیندوون و, رەنگە لەکەس و کاری شەهیدان و ئەنفالی ئێستاش هەبێ و, واریسیان نەمابێ ئێمە پاداشتیان بدەین، بۆیە ئەو دوو بڕگەیە جیاوازن و, ناکرێ مێژووی شەهیدان و قوربانیانمان ون بکەین. لە بڕگەی (ب)دا دەکرێ بڵێین دوای ئەوەی کە ئاماژە ئەکرێ بە بارزانییەکان و فەیلییەکان بڵێین یان هەرکەسێکی تر

بـەم شـێوازە گیـانی لەدەسـت دابـێ, چـونکە لەوانـەیـە خـەڵکێك بـێن رووبـەڕووی ئـەوە ببنـەوە, مەسـەلەی زیندانی سیاسی ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە بەتایبەت لە ئەنفالەکان قوربانیـەکی زۆر گڕاوەتـەوە تەئسیر لـە جەستەیان هەیە و برینـدارانی کیمیابـاران، ئـەوانیش شـەهیدی زینـدوون، دەکـرێ لـەم وەزارەتـە لەبەرچـاو بگیرێت, بۆیە ئەو دوو لایانە من بە پێویستی دەزانم لەم ماددەیە ئاماژەی پێبدرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم سرەی دواوە تەواو بوو, ئێستا رێگا بە جەنابی وەزیر خاتوو چـنار ئـەدەم وەڵامیـان بداتـەوە ئەگـەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ چ رەئیەکان هەبوو قسەی بکەن.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیر شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگوڵناز خان دەست پێدەکەم, ئاخیر قسە بوو, هەندێك تێبینی هەبوو لەسەر مەسەلەی شێوازی داڕشـتن و مەسەلەی تاریخ, دەکرێ دەستکاری بکرێ, دوایی بەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی یاسایی, بەڵام مەسەلەی زیندانە سیاسیەکان یان ئەوانەی موتەزەریر بووینە, بەڕاستی ئەوە حەقیقەتە دەمـەوێ بەهـەموو بـرادەران بڵـێین, ئـەو وەزارەتـە تـەعامول لەگـەڵ ئـەو کەسـانە دەکا، ئەوانـەی کـە گیانیـان لەدەسـت دایـە, نـە ئەوانـەی کـە زینـدوون یـان جەسـتەیان موتـەزەریر بـووە, یـان ئەوەتـە زینـدانی سیاسـی بووینـە, یـەعنی مەعنەویـەن موتەزەریـر بووینە, بۆیە دەبـێ ئیختیسـاس هـەبێ, یـەعنی تـەوزیعی ئـیش هـەبێ، دەکـرێ موئەسەسـەیەك ئامادە بکرێ لێرە بۆ زیندانە سیاسیەکان دابنرێ و, حکومەت پرۆژە یاسایەك لێـرە ئامـادە بکـرێ تـەنها بـۆ کاری خزمەت کردنی ئەو کەسانە بێ, چ لەخەباتی شۆڕشگێڕی, ئەوانە چاودێری بکرێن, بـەڵام ئێمـە وەکو وەزارەت تەنها چاودێری ئەو کەسانە دەکەین کە خەڵکەکانیان لەدەست دایە, واتە قوربانیانی ئێستا,

کوردستان خان ببورە, ئەگەر پرسـیارەکەت دووبـارە بکەیتـەوە, مەسـەلەی قەسـف ئەوانـە دەچـێتە سـەنفی پێشمەرگە, یەعنی دەچێتە نیتاقی پێشمەرگەی سەنگەر, ئەوانـەی کـە هاووڵاتیشـن کـە لەنەتیجـەی قەسـف گیانیان لەدەست داوە, دەچنە نیتاقی شەهیدی هاووڵاتی (مەدەنی).

من پێم باشە, پەخشان خان و کاك دیلمان ئیشارەیان بەوەکرد موستەلەحی (مەدەنی), ئەگەر بـەکاربهێنین لەبەر ئەوەی ئەوانی تر هاووڵاتی کوردستانی چ لە وەزعەکـە نـاگۆڕێ, رەنگـە زۆر دەقیـق تـر بێـت, دەکـرێ دوایـی گۆڕانکـاری تیـادا بکـەین, کـاك دیلمـان باسـی موئەنفـەلینی کـرد, تەبعـەن کـاك دیلمـان ئێمـە لێـرە موئەنفەلین بەشێوەیەکی عام پێناسە دەکەین, لەبـەر ئـەوەی قـانونی دیکـەمان هەیـە, یاسـای وەزارەتـەمان هەیە لەوێ ئیشارەتی پێکردیە, یاسایەکی تریشـمان هەیـە ئێسـتاکە دەمانـەوێ بیدەینـە پەرلـەمانی بەغـدا, کوتلەی کوردی، قـانونی تەعویزاتـە کـە زیـاتر تایبەتـە بـە خـەڵکی کوردسـتان کـە لـە نەتیجـەی جـەرائیمی ئیبادەی جەماعی موتەزەریر بووینە, لەوێ پێناسەمان کردیە, بۆ ئەوەی پێچەوانە نـەبێ لەگـەڵ تـەعریفی قانونەکانی دیکەدا.

ئێمە بەشێوەیەکی عام تەعریفی دەکەین (کل من فقد حیاتە) ئـەوە ئێمـە تـەعامولی لەگـەڵ دەکـەین واتـە دەبێت شـەهید, بـەڵام ئـەوەی موتـەزەریرە, یـەعنی بـەس سـەروەت و سـامانی لەبەردەسـتی نـەماوە، خـۆی زیندووە, ئەوا ئێمە دەمانـەوێ لـە رێگـای قـانونی تـەعویزات حکومـەتی عێـراق مولـەزەم بکـەین, بۆئـەوەی تەعویزات وەربگرن, بەڵام ئێمە تەعامول لەگەڵ ئەوانە ناکەین ئەوە خـۆی زینـدووە, خـۆی خـۆی دەژێنـێ, بەڵام ئەوەی لایەزال مەسیری مەجهولە, تەبعـەن خـەڵکێکمان هەیـە مـەفقودن, ئـەوەبوو کـاک د0 دلێـر زۆر پێی داگرت, زۆریش رەئیەکەی لە جێی خۆی بوو لەقانونی وەزارەت, خەڵکانێك هەن مەسیریان دیـار نییـە, ئێمە تەعامول لەگەڵ ئەوانە دەکەین کە مەفقودن و, ئەوانەی کە شەهیدن, بەڵام ئەوانەی کە موتـەزەریرن لێرە عەمدەن ئێمە باسی ئەکەین بۆیە تەعریفەکەمان بەشێوەیەکی مـەشمول بـاس کردیـە, بـەڵام وەزارەت کە تەسنیفی شەهید دەکا لێرە دیارە, ئەوانەی لە ئیبادەی جەماعی ژیانیان لە دەست دایـە ئێمـە حقوقیـان دەدینێ, نەك ئەوانەی موتەزەریر بووینە مادییەن, دوای گەلاوێژ خان باسی قانونەکەی کـرد, سـەبارەت بـە ناونیشانەکەی راسـت دەکـا, لێـرە لەسـەر دێـری ناونیشـانەکە قـانون حقـوق و ئیمتیازاتـە, دیـارە ئیمتیـازات نەهاتیە, ئیمتیازەکە زیـاد بکـرێ, دیـارە ئـەوە هەڵـەی تەبعـە, باسـی ئـەوە دەکـا لـە سـاڵی 33 ئاشـووریەکان ئیبادەی جەماعی کراوە, گەلاوێژ خـان ئەگـەر وارسـی شـەرعیان مایـە وەکـو شـەهید لـەلای ئێمـە حقوقیـان دەبێ, وەکو هاووڵاتیەکی کوردستان هیچ ئەشکال نییـە, ئێمـە دەڵێین ئەسـنائی ئیبـادەی جـەماعی، کەواتـە ئەگەر ئیبادەی جەماعی ئەو سەردەمەش کرابێ دەیگرێتەوە. د0ناصح باسی تەسـنیفی شـەهیدی کـرد بـەو شێوەی کە باسی کرد, دەکرێ چەندین جۆری تەسنیف بکرێ, بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەوەی ئیتیفـاقی لەسەر کرایە ئەوەیـە, بـەڵام ئـەو بـاس دەکـات تەسـنیفێك بـۆ پێشـمەرگایەتی, خـەڵکانێك هەبووینـە لـەناو تەنزیمی داخیلی لە شارەکان, بەڵام پێشمەرگایەتیان نەکردیە، چەك لەشان نەبووە لە دەرەوە, مەسیری ئـەو ناچێتە ژێر سێبەری شەهیدی سەنگەر بەپێی ئەو تەسنیفەی کە جەنابت دەیڵێی, بۆیە پێویستە ئـەوانیش بە سەنگەر دابنێین, چونکە تـەنزیمی داخیلـی مەبەسـتی چـەکی لەسـەر شـان نـەبووە, رەنگـە زیـاتر ترسـی لەسەر بووبێ لەسەر ژیانی, لە نەتیجەی ئـەوەی رژێـم موتابەعـەی کردیـە. جـەنابی د0 نـوری باسـی سـاڵی (64)و شەڕی براکوژی و ئەو مەسائیلانە دەکا, پـێم وایـە جـەنابی سـەرۆك پەرلـەمان وەڵامەکـەی دروسـت بوو, ئەو کەسانەی کە لەم ماوەیە بەداخەوە ئێمە قەت تەشجیعی ئەوانـە ناکـەین, بۆیـە لـەم یاسـایە نـەمان ویست ئاماژەی پێبکەین, لەبـەر ئـەوە نامانـەوێ شـەرعیەت بـە شـەڕی براکوژی بـدەین, ئەسـڵەن نامانـەوێ ئاماژەی پێبکەین, دەمانەوێ لە بیری بکەین نەك دووبارەی بکەینەوە, بەڵام ئەوانـە بـە ئیتیفـاق پێشـتریش بە شەهیدی سەنگەر لەقەڵەم دراینـە, لەبەرئـەوە هەریەکـە لەوانـە شـەهید بـووە لـەپێناوی مەبـدەئێك کـە گیانی خۆی لەدەستداوە خۆی کردۆتە قوربـانی, پـێم وایـە وەڵامـەکان هـەر ئەوەنـدە بـوون, ئەگـەر نەقسـی هەبێ داوای لێبوردن دەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, داوا له لیژنەی یاسایی دەکەم ئەو مولاّحەزەتانەی کە پەسەند دەکرێ لەلایەن جەنابی وەزیرەوە, وەکو مولاحەزە وەریبگرن, دوایی ئیزافە بکەن بۆئەوەی پێش تەسویت بیلێین, جگە لەوەش نامەو شتی زۆرمان بۆ هاتیە, لە هەندێ رێکخراو و سەنتەر, موهتەمن بە مەسائیلی شەهیدان و ئەنفال, هەندێکیان پێشنیارن, پێشنیارەکان جێیان لێرە نییە, موناقەشەی لەسەر بکەین, پێشنیارەکە بۆ حکومەت، بۆ وەزارەتەکانە, وەك زیاد کردنی مووچە, ئەوانە هەمووی موقتەرەحاتە دەکرێ ئێمەش پشتگیریان لێبکەین, هەندێك داواکار هەیە ئیمکان نییە, مەسەلەن دەڵێن ئەو یاسایە دەبوایە کەس و کاری شەهیدان بیبینن, چۆن دەکرا یاسایەکی ئەوها دابەش بکەین, بۆ ئەوەی کەس و کاری شەهیدان بیبینن و, رەئیی لەسەر بدەن, ئەی وەزارەت نوێنەرانی ئەوان نییە, ئەی ئێوەی پەرلەمان نوێنەرانی ئەوان نین, هەموو حزبە سیاسیەکان و ئەو سەنتەر و رێکخراوانەی کە موهتەمن بە مەسائیلی شەهیدان، ئەوانیش نوێنەری ئەوانن, پێشنیارێك تەقدیم دەکەن تەعبیر لەوان دەکەن, ئەگەر رابوەستین لەسەر موناقەشەکردنی یاسا لەلایەن کەس و کاری شەهیدانەوە بە چەند ساڵێك یاسا دەرناچێت, لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو یاسایەش دەربچێت مانای ئەوە نییە کۆتاییە و ناگۆڕێت, ئەگەر لە رووی عەمەلیەوە رۆژێك وەزارەت بینی یان پەرلەمان بینی, پێویستی بە هەموارکردن هەیە، پرۆژەیەك تەقدیم دەکات لەبەر رۆشنایی وەقایعی ئەم یاسایە کە دەرتان کردووە, ئەگەر لەواقیعەتدا شتێك هەبوو پێویستی کرد دەوڵەمەندی بکەن, چاکی بکەن, ئەوا دیسان بەهەمان شێوەیە، دەتوانین دەستکاری بکەین, چونکە هیچ شتێك نییە بڵێین تەواو ئیجباریە سەد لەسەدا, بەحقیقەت ئیشەکانمان بۆ ئەوەی قانونەکان زوو دەربچەن تەوحیدی بڕیارەکان و قانونەکان پێبکرێ لەنەتیجەی دوو ئیدارەیەکەی دروست بووە, ئەمەش یەکێکە لەوان, بۆیە دواخستنی باش نییە, دەربچێت ئەگەر کەم و کوڕی تێدا بوو دواتر دەتوانین هەمواری بکەین, کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعی شەهید, پێناسەی شەهید زۆر ئاسان نییە, لەبەرئەوە رەنگە هەریەکە بۆچوون و پێناسەیەکی هەیە بۆ شەهید, من پێناسەیەکم بۆ شەهید ئامادە کردووە هاوشێوەی پێناسەکەی لیژنەی یاسایە بەلاّم گۆڕانکاریم تیادا کردووە, بەم شێوەیە:

(شەهید ئەو کەسەیە کە گیانی لەدەست دابێ, بەهۆی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە دژی رژێمە ستەمکاریە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لە ئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید یان کردەوە جەنگیەکان دژ بە گەلی کوردستان یان لەئەنجامی کردەوە تیرۆریستیەکان), سەبارەت بەو پۆلین کردنەش، من لەگەڵ ئەو پۆلینە نیم, چونکە لەکوردستان خەڵکێکی زۆر شەهید بووینە, بۆ نموونە کاك محمد حکیم ئاماژەی بە چەند جۆرە شەهید بوونی خەڵکی داو, من ئەیهێنمە بیرتان ئەو سنوورانەی کە دەمج بوون لەگەڵ

حکومەت دا کۆمەڵێك خەڵك لە پێناوی مەعیشەتدا چوون, بۆ ئەوەی بژێوی ماڵ و منداڵیان دەرکەن, لەوێ شەهید بوون, ئەگەر بەو پۆلینە بڕۆین ئەو شەهیدانە لێرە جێگایان نابێتەوە, جا بۆیە لێرە ئێمە تەنها ئەگەر لەسەر پێناسە عامەکە بمێنینەوە ئەو کاتە ئەوە بەجێبهێڵین بۆ وەزارەت بە گوێرەی ئەو بەلگە ڕەسمیانەی کە ئەیسەلمێنێ, ئەو کەسە چۆن شەهید بووە؟ لەکوێ شەهید بووە؟ دەتوانێ وەزارەت خوێ تەعامولیان لەگەڵدا بکات, ئەو پۆلینە زۆر کەس لەوانەیە بێ بەش بێت, لەو مافانەی کە لەم یاسایەدا هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ریزبەند کردنی شەهیدان کارێکی ئاسان نییە, زەحمەتە وەکو زۆربەی برادەران ئاماژەیان پێکرد, بەلاّم ئێمە لێرە دانیشتینە مێژووی گەلەکەمان, مێژووی خەبات و سەروەری میللەتەکەمان دەنووسینەوە, بۆیە پێویستە ریزبەندی شەهیدەکان بکەین, مەسەلەن شەهیدی سەنگەر ناکرێ لەگەڵ شەهیدی تر تێکەڵ بکرێ, لەوانەیە ڕۆژێك توانامان بێ قاعەی شەهیدان دروست بکەین, هەر شەهیدێك ناوی خۆی سێ لایەنە، جۆری ئەو شەڕەی کە کردوویەتی و تێدا شەهید بووە, ڕەنگە بینووسین و هەڵیبواسین, بۆیە پێویستە شەهیدی سەنگەر جیابکرێتەوە، ئینجا ئەگەر گران بێ دەبێ, شەهیدەکانی تر ئیعتیادیە چۆن چۆنیەك ریز بەندی بکرێ, مەسەلەن دەڵێی شەهیدی ئەنفال زۆر ئیعتیادیە، بەلاّم شەهیدی سەنگەر دەبێ جیابکرێتەوە, مەسەلەن بڵێین شەهیدی ئەنفال زۆر تەبیعیە, بڵێین شەهیدی کیمیاباران زۆر تەبیعەیە, بەلاّم با مافیان نەخۆرێ, با کەس و کاری شەهید واتێنەگەن کە پاداشتیان لە شەهیدی سەنگەر کەمترە, بۆیە با وای جێبەجێ بکەین هەستی پێنەکەن, بۆ نموونە پیاو هەیە تێکۆشەرە، بەلاّم بە حادیسەی سەیارە شەهید دەبێ, ئەوە ناکرێ بە شەهید لە قەڵەم بدرێ, ڕۆژێك دێ مێژووی نەتەوەکەمان شەهید, ئەگەر ئێمە شەهید بشێوێنین، مێژووی نەتەوەی خۆمان دەشێوێنین, چونکە ئێمە بەو شەهیدانە گەیشتینە ئەوڕۆ, بۆیە بەڕاستی ریزبەندی تەواو بکرێ و جیاش بکرێتەوە, خاڵێکی تر بەراستی ئێمە ئێستا بەهۆی ئەو زوروفانەی کە ئێستا هاتوونە پێشەوە هەندێ کەس شەهید بووە, لەوانەیە پێشی ڕاپەڕین دەیان تێکۆشەری گەلەکەمان بەدەستی وان شەهید کرا بێ, لەگەڵ ئەو شەهیدانەی مونازلن لە یەك شوێن مووچە وەردەگرن، حەقە ئەوە بیرێکی لێ بکرێ, بەڕاستی هەموو ویژدانی کەس و کاری شەهیدەکان برینـدار دەکات, لەگەڵ کەسێك دەچێ مووچە وەردەگرێ لەیەك شوێن سوڕ دەزانی کە براکەی یان باوکی بەدەستی ئەو شەهید کراوە, بەلاّم زروفی کوردستان ئەوەی دروست کردیە, بوویتە یەکێ لە لایونە سیاسیەکان لەو وەزعە شەهید بووە, ناکرێ نەیکەینە شەهید, ئەبێ بکرێتە شەهید, بەلاّم بەراستی جیانەکردنەوەی کێشەیە, وەکو نەخۆشی شێرپەنجەیە بۆ کەس و کاری شەهیدان, قەد لە کۆڵی نابێتەوە, حەقە بەڕاستی لێرە جیایبکەینەوە, شوێنێکی تایبەت هەبێ بۆ ئەوان.

خـاڵێکی تـر مووچـەی شـەهیدان, مـن لەگـەڵ ئـەوەم, بەنیسـبەت خوشـك وبـراو کـوڕ و کچـەوە, عیلاقـەی بەتەمەنەوە نەبێ, ئەگەر کچ بێ چ تەعیین بێ یان شوو بکات, ئینجا مووچەکەی ببڕێ, چ خوشکی شـەهید یان منداڵی شەهید یان دایك و باوکی شەهید هەتا مردن مووچەکانیان هـەبێت, بـەلاّم ئـەوانیش عیلاقـەی بەتەمەنەوە نەبێ, هەتا تەعین دەبێ یان ژیانی هاوسەریەتی پێك دەهێنێ.

پرسیارێکی تـرم هەیـە, بۆچـی بارزانییـەکان لـە شـەهیدی کـورد جیاببنـەوە و, نـاوێکی تریـان هـەبێ وەکـو ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران ئـەوانیش کـوردن, بـۆ بڵـێین بارزانییـەکان, ئـەوانیش کـوردن بۆیـە حـەق نییە بارزانییەکان لە کورد جیابکرێتەوە, ئەوانیش کوردن لەناو کۆمەڵەی کوردان ناویان بێت, سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگـەی (6) فەقـەرەی (ب) باسـی چـەکی کیمیـایی دەکـرێ, دیـارە دەزانـدرێ بـەڕەسمی کیمیـاوی لـەکوێ دراوە, پێم باشە بکـرێ بـەکیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچـەکانی تـر, لەبـەر ئـەوە چـنار خـان خۆشـی ئامـاژەی پێکرد ئەو ناوانە بۆ تاریخ بمێنێ, خۆشمان لە هـەر شـوێن بـاس بکـەین دەڵـێین کیمیابـارانی هەڵەبجـە, جـا ئەمە وەکو حەقێکی خۆیان هەزار وەسیقەیان هەیە لەهەموو ناوچەکان هەزاران کەس نەکوژراوە بە کیمیـا باران, ئەگەر نەکرێتە فەرعێك بەس بکرێتە کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تر ئەوە تاریخیـە و کـەس و کاری شەهیدانیش دڵیان پێ خۆش دەبێ.

لەبڕگەی (7) پۆلین کراوە, کەس و کاری شەهیدان ئەگەر دایك و باوکی نەما, داپیرەو باپیرەش هەیە , ئایا ئەوانە چۆن هین دەکرێ, ئەگەر باوك و کوڕ نەما مەسەلەن مام هەیە، خاڵ هەیە, دەکرێ ئەوانەش بکرێنـە کەس و کاری شەهید, یان جیا دەکرێنەوە, خەڵك ئاوارە بوو لـە وڵاتـانی دراوسـێ چـەندها سـاڵە, لـە ئـوردن ماوەتەوە بەنەخۆشی مردووە ئایا ئەوانە چ فەقەرەیەك, چ بڕگەیەك دەیانگرێتەوە, هەر لـەپێناوی خـەبات ئاوارە بووینە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە, بەڕەئیی من لێـرە لـە شەشـەم بڕگـەی (ج) دەڵـێ (هـەر کەسـێ شـەهید بـووبێ یـان گیانی لەئەنجامی کرداره جەنگیەکان یان کردەوە تیرۆریستیەکان) لێرە تیرۆر بەرای من لەو یاسـایە جێگـای نابێتەوە, چونکە یاسای تیرۆرمان هەیە, لێرە دەنگمـان لەسـەرداو دەرهـات, بـەڕای مـن ئەوانـەی لەئـەنجامی تیرۆر دەکوژرێن, یان ژیانیان لەدەست دەدەن, بخرێنە ئەو یاسایە، تیرۆر, ئەوە یەك.

دوو: لێرە کە باسی پۆلینی شەهیدان کرا, من لەگەڵ کاك عوسمانم, دەبێ بەتەسەلسول بێینە خـوارێ, لێـرە کە باسی مووچەی کەس و کاری شەهیدان کرا, ئەوە باس نەکرا ئەو پرسیارەشم هەبوو لە جـەنابی وەزیـر,

ئەو ژنانەی کە منداڵیان نییە, بەڵام پیاوەکانیان ئەنفال کراوە, ئایا مووچەکە بە بەر ئـەوان دەکـەوێت یـان بەر کەس و کاری شەهید: دایك و باوکی شەهید دەکەوێت, ئەوە پرسیاری من بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو سرەیەش تەواو بوو, ئینجا با خاتوو چنار قسەی خۆی بکات, فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ هەموو تێبینیەکان, کاك عادل ئەگەر لە جـەنابی دەسـت پێبکـەین, لەباسـی پۆلینـەکان دەڵـێ بـا پۆلینەکان نەکەین تەعریفێکی عام بکەین, ئەوەی تر بۆ وەزارەت بەجێبهێڵین, من دەڵێم نەخێر کاك عادل رجائەن ئەو چاکەمان لەگەڵ مەکەن, لەبەر ئەوەی بەڕاستی هەدەفی ئێمـە ئەوەیـە پـۆلین بکـرێ, تەسـنیف بکرێ بەیاساش لێرە تەحدید بکرێ, ئێوەش وەکو نوێنەرانی میللەت دەنگی لەسەر بـدەن, لەبـەر ئـەوە مـن بتوانم تاڕادەیەك دادپەروەر بم, بەڵام وجودی من یەکێکی تر لەوێ کاتی یە, رەنگە بکەوینـە ژێـر مـەزاج و عاتیفەتی خۆمانەوە، نەتوانین عەدالـەت پیادەبکـەین, بۆیـە پێویسـتە بەیاسـا جێبـەجێ بکـرێ, بـۆ ئـەوەی سنوورێك دابنرێ بۆ کارکردنی من و ئەمسالی وەکو من لەوێ, بۆ ئەوەی نـەتوانین موخالەفـە بکـەین, بۆیـە من داوای یاسا دەکەم بەڕاستی, من پێم وایە ئەوەندە سەخت نییە, وەکو کاك عوسمـان باسـی کـرد, دەکـرێ وەکو دەستپێکێك, وەکو شتێکی بیدائیی بێ, رەنگە کەموکوڕیشی تێدابێ, بەڵام ئـەوە خـۆ ئایـەتی قورئـانی, یان بەندی دینی نییە, قابلیەتی گۆڕانکاری هەیە، هەروەك جەنابی سەرۆکی پەرلـەمانیش ئامـاژەی پێکـرد, بەڵام کاك عوسمـان باسـی ئـەوەی کـرد, بۆچـی بارزانییـەکان یـان فەیلییـەکان ناویـان جیایـە؟ تەبعـەن کـاك عوسمان ئێمە دەمانەوێ, هەروەك یەکێ لەبرادەرەکان باسی کرد کـە ئامـاژە بەناوچـەکان و هەنـدێك شـوێن کـرا, کەواتــە بــا باســی هەڵبجــەش بکــەین, باســی کیمیابــارانی هەڵەبجــەش بکــەین, بێگومــان قەزیــەی جینۆسایدکردنەکان ئەشکالی هەبووە, چەندین شێوەی هەیە, قەزەیەکیان خۆی حکومەتی بەعس بەڕەسمی ناوی لێناوە, هەروەك ئەوەی لەگەرمیان و بادینان لە هەشت قۆناغەکـە دەسـتی پێکـرد, بـەڵام جینۆسـایدی بارزانییـەکان جیـاوازە, تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە, قمـع بـووە تـەنها رەگـەزی نێـری تیـادا چـووە, شـێوازی فەیلییەکان ئەوانیش شەریحەیەك بووینـە هـەر عەمـدەن ئێمـە دەمانـەوێ ناویـان بێـنین, چـونکە بـەقانون کوردن, دەبێ لەوێ ناویان هەبێ, جگە لەوە کیمیاباران, ئێمە بەعمومی باس لە کیمیا باران دەکـەین, بـەڵام زۆر ناوچە هەیە لەکوردستان بەر شاڵاوی کیمیا باران کەوتووە, هەڵەبجە رەمزی کیمیابارانە , بـەڵام ئەگـەر نـاوی هەڵەبجە بـێ مـن تەئکیـدم خـەڵکی بالیسـان و گونـدەکانی تـر, دەبـێ ریزبەنـدێك بکـەین, ئەوکاتـە چەمکەکە زۆر دوورو درێژ دەبێ, لەڕووی قانونیەوە ئەگەر شیاوە ئەوا هیچ مانعێك نییە بابینووسین, هیچ کێشەیەك نییە, ئێمە لەگەڵ هەموو شتێکین کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە.

دوایی ڤیان خان باس لە تیرۆر دەکات لە تەسنیفەکە دەڵێ با لە هاووڵاتیان نەبێ, باشە ڤیان خان, ئەگەر لە هاووڵاتیان نـەبێ لەکوێ دایبنێین, چونکە زۆر هاووڵاتی هەیە لەنەتیجەی ئـەو هـەموو کـارە تیرۆرسـتیانەی

لەكوردستان ڕوودەدات یان بازرگانە یان كاسبە دەچێ لەڕێی موسڵ بە دەستی تیرۆر شەهید دەكرێ, باشە لە كوێی دابنێین ئەو تەسنیفە, یاسای تیرۆر لەوێ حقوقی بۆ دانانێ, بۆیە ئەوە دەبێ وەكو هاوولاتی مامەڵەی لەگەڵدا بكەین, بەلاّم ئەگەر پێشمەرگەیە, پۆلیسە, ئاسایشە ئەوا وەكو شەهیدی سەنگەر مامەڵەی لەگەڵدا دەكەین, بەلاّم بە تیرۆر شەهید بووە, پێم وایە ئەوە تەقریبەن وەلاّمی زۆربەی پرسیارەكان بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمان, نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لەلای بەڕێزانیش ڕۆن و ئاشكرایە, قەزیەی هەڵەبجە هەروەك خۆشت ئاماژەت پێكرد, تایبەتمەندی خۆی هەیە با تێكەڵ بە .....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە, عەفوو قسەش دەكەی, قسەی خۆت وت و جەنابی وەزیریش وەلاّمی دایەوە, كەسێكی تریش یەعنی ئەگەر زۆر موداخەلە كرابا ئەو كاتە دەمان كردە تەسویت, بەلاّم لیژنەی یاسایی بەسەریدا ڕۆیشتووە, جەنابی وەزیر شەرحەكەی كردووە و, تۆش ڕای خۆت وتوە, فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر, یاسایەكی عقوباتە بۆ سزادانی تیرۆریستان, یاسای حقوق و ئیمتیازات نییە, بۆیە دەبێ لێرە قوربانیانی تیرۆر جێی بكرێتەوە, لە ڕیزی هاوولاّتیان, ئەوە بۆ ڤیان خان بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دووبارە داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم, ئەو كەلیماتانەی پێویستە بگۆڕدرێن لەبەر ڕۆشنایی موداخەلاتەكان و, دەوڵەمەند كردنی پرۆژەكە تۆماری بكەن, تا لەكۆتایی موناقەشەكاندا بخرێتە سەر ماددەكە, خاتوو سارا فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەی (ب) خاڵی (6) قسەی زۆر لەسەر كرا, بەلاّم هەر دەمەوێ ڕوون كردنەوەیەكی لەسەر بدەم, پێناسەكە زۆر تەسك كراوەتەوە, یەعنی تەحدیدی كردیە, وابزانم ئەگەر شمولی بێت باشترە, دەڵێ

لەئەنجامی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، تاوانەکانی ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی, لێرە چەکەکە زۆر تەحدید کراوە, هەروەك باسکرا زۆر کارەساتی تر هەن کە چەکی تر ئەنجام دراون, بۆ نموونە بۆردومانی ساڵی 74ی لە قەڵادزێ, ژمارەیەکی زۆر و یەکەم کارەساتی کۆمەڵکوژی گەورە بوو لە کوردستان, بۆیەش شارەکە ناونرا شاری شەهید بیدایەت, پاشان بوو بە شاری دووجار شەهید, لەبەر ئەوە دەبێ لە کوێدا جێی ببێتەوە, ئەگەر بکرێ ئێمە چارەسەری بکەین, لێرە دەڵێ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی یان هەر چەکێکی کۆمەڵکوژی تر, بۆ ئەوەی ئەوانی تریش بگرێتەوە, چونکە چەکی تریش بەکارهاتووە بۆ کۆمەڵکوژی لەکوردستان, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەی د0 نوری دەکەم و, پێشنیارم هەیە، بۆیە ناچارم وتەکەی دووبارە بکەمەوە, بەپێی ئەو پێناسەیە شەهیدی قوربانیانی شەڕی ناوەخۆی بگرێتەوە, نەك ئەوانەی تەنها پاش راپەڕین, بەڵکو ئەوانەی پێش راپەڕین، هی ساڵانی (80)کان, جەنابتان باسی ئەوەتان کرد, نامانەوێ تەوسیقی ئەو لاپەڕەیە رەشە نەکەین، بۆیە بە قانون نەبێ, ئەگەر بە قانون نەبێ, خۆمان دەزانین قانون تەنزیمی هەموو حقوق و واجبات و ئیمتیازات و ئیلتیزاماتی هەموو فەردەکان دەکات, ئەگەر بە قانون تەنزیم نەکرێ، مەحروم دەبن, یەعنی باسی ئەوەتان کرد و جەنابی وەزیریش باسی کرد, ئیتیفاق هەیە، ئیتیفاق لەنێوان کێ؟ و چەندیش مولزەم دەبێ؟ پێم وایە ئێمە لێرە دەبێ سیغەکەی بگۆڕین, مەرجیش نییە بەتەنها بڵێین قوربانیانی شەڕی ناوەخۆ, یەعنی سیغەکە مەفهوم بێ, بۆ نموونە من پێشنیارەکم هەیە, دەڵێ (الشهيد المناضل: كل من ضحى بنفسه في خندق الكفاح المسلح أو النضال السياسي) بڵێین (أو نتيجة عنهما) یەعنی نەتیجەی کیفاحی موسەلەح و نیزاڵی سیاسی, یەعنی لێرە شەڕی ناوەخۆش دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە تەحسیل حاسیلە, نەشی نووسیی هەر مانای دەگرێتەوە, سوزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ لەوانەیە من زۆر قسە بکەم هەروەك کچە شەهیدێك, و هەروەك نوێنەری دەستەی داکۆکی کردن لەمافی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان و, ئەندام پەرلەمانیشم, بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان, ناوی وەزارەتەکە بەخۆیەوەتی, وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان جیاکراوەتەوە, هەروەها لە پێناسەکەش هاتووە (المؤنفل) جیاکراوەتەوە, بەڵام ئەبینین لەخاڵی شەشەم لە بڕگەی (ب) جارێکی تر هاتوونە, باسیان لەوە کردۆتەوە (اثناء جرائم الانفال), کەواتە لێرە خەرقێك هەیە, یان ئەنفالکراو تەعریفی خۆی هەیە, ئەو کەسەیە لە پرۆسەی ئەنفال کردن گیانی لەدەست داوە یان زەرەری پێکەوتووە, یان ئەو کەسەیە کە

شـەهید بـووە لـە ڕێگـای جـەرائیمی ئـەنفال، کەواتـە ئێمـە ئـەبێ لـەم یاسـایە یـەك لای بکەینـەوە، یـان ئەنفالکراوەکان شەهیدن، ئیتر ناویان نەهێنین بە ئـەنفال کراوەکـان یـان ئەوەتـە لـەکوێ شـەهیدمان بـەکار هێنـا دەبـێ ئـەنفالی لەگـەڵ بـەکار بهێـنین، چـونکە هـەم وەزارەتەکـەش نـاوی وەزارەتـی شـەهید و ئەنفالکراوەکانە، یەعنی هەر خۆی لە ئەسڵدا لەیاساکە جیاکراوەتـەوە و، لەیاساکەش بـەم شـێوەیە ناویـان هاتووە (شەهیدان و ئەنفالکراوەکان)، بەلاَم کاتێك لە بڕگەکان هاتووە شی کردۆتەوە، لـە پێنجـەم (المؤنفـل) جیای کردۆتەوە لە (شەشەم) برگەی (ب) جارێکی تـر هـاتووە ئـەنفالی وەکو شـەهید حیساب کـردووە، زۆر جـار ئێمـە لـە قاعـەی پەرلـەمان موناقەشـەمان کـردووە، جـارێکی تـریش بـەڕێز د0کمـال خـۆی وتـی ئەنفالکراوەکان قەزیەیەکە ئێمە دیفاعی لێئەکەین، شانازی پێوە ئەکـەین، ناویـان لێنـانێین شـەهید، بـەڵکو دەبێ ناوەکەیان وەکو خۆی بمێنێتەوە.

هـەروەها لەگـەڵ رای لیژنـەی یاسـایم لەباسـی زەحایـە، لـە هـیچ شـوێنێك ئـەو زەحایانـە نـەمێنێ بکـرێ بەشوهەدا: شوهەدائی ئیبادەی جەماعی، و شـوهەدائی مەدەنیـەکان هـەروەك لیژنـەی مـافی مـرۆڤ ئامـاژەی پێکرد.

لەخاڵی حەوتەم کاتێك باس لەوە دەکات (ذوی الضحایا)، هەروەك وتمان زەحایـە نـەمێنێ بکرێـتە شـەهید، (ذوی الشهداء و المؤنفلین)، (زوج و زوجات) ئەتوانین بڵێین ئەرمل و ئەرامل، چونکە لەدواییـدا بـەحێماوە، ئیبن و بنت ئەتوانین بڵێین ئەولاد، دایك و باوك ئەتوانین بڵێین ئەبەوەین، یـەعنی مـن مەبەسـتم ئەوەیـە بەو دووروودرێژیە باسی نەکـەین، (الاخـوة و الاخـوات إو مـن کـان الشـهید المؤنفـل بقـرار قضـائی)، ئـەوە راو بۆچوون و سەرنجەکانی من بوو لەسەر ئەو بڕگەیە، سوپاس.

**بەڕێز د0 شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم لەوەزیری شەهیدان هەیە، پرسیاری یەکـەم: ئایـا ئـەو زاراوانـەی کـە لێـرەدا بـاس دەکـرێ (هەرێم، وەزارەت، وەزیـر)، لەیاسای وەزارەت دا باس نەکراوە؟ ئەگەر باسی کرابـێ ئـەوا وەکو مـاددەی یـەك بەڕاو بۆچوونی من لابردرێت، ئەگەر لاشنەبردرێت ئەوا من چەند بۆچوونێکم هەیە، ئێستا دەیڵێم.

پرسیاری دووەم: هەر لەخودی وەزیر دەکەم، ئایا تەحدیـدی سـاڵتان کـردووە، بـۆ مافـەکانی کـەس و کـاری شەهیدان، چ ساڵێکە؟ ئێستا ئەو بابەتەی گەلاوێژ خان وتی ساڵێ 32 بوو، ئەگەر ساڵی 32 بێـت ئـەوا ئێمـە شۆڕشی شێخ مەحمودمان هەیە، شۆڕشی گەلانمان هەیە، شۆڕشی بارزانیمان هەیە، شۆڕشی ئەیلولمان هەیـە، شۆڕشی گولانمان هەیە، ئینجا حەزدەکەم ئەم پرسیارەم وەلاَم بدەنەوە.

بەنیسبەت پرسیاری یەکەم، بەڕاستی ئەنفال خراوەتە پێش شەهیدان، من راو بۆچوونێکی تایبەتیم هەیە، ئەگـەر دوای شـەهیدان بـێ بەڕاسـتی، چـونکە لەخـەباتی گەلەکـەمان ئەگـەر خـەباتێکی سیاسـی بـێ یـان چەکداری بێ پێش ئەنفال بووە، جا بۆیە ئەگەر بێتە خـوارێ باشـترە، لەگـەڵ قوربانیـانی جینۆسـاید وەکـو خـاڵی یەکـەم دابنـرێ، و پێناسـەی بکـرێ و، قوربانیـانی جینۆسـایدیش ئـەو موسـتەڵەحەش بمێنـێ لـەپاڵیا

وشەی قڕكردن دابندرێ, هەرچەندە قڕكردنمان هەیە, ڕەشەكوژیمان هەیە, كۆمەڵ كوژیمان هەیە, ئەمە بەپێی پیلانێكە, ڕژێم داینــاوە بۆ میللەتی كورد, كیمیابارانی هەڵەبجەمان هەیە, ئینجا بۆیە من پێم خۆشە بۆ شەهیدی خەباتگێڕ بەڕاستی ئەوە پێناسەیەكی زۆر دوورو درێژە, ئێمە هەردەم بۆ پێناسەیەكی زاراوە چەند كورت بێت, جوانتر دەبێت بەرای من وەكو پسپۆڕێك لە زمانی كوردی بەم شێوەیە بێت, نەك بڵێی هەر كەسێ بە گیانی خۆی, ئەگەر بوترێ هەركەسێ لەسەنگەری خەباتی سیاسی و چەكداریدا قوربانی بەگیانی خۆیدا بێ دژ بە ڕژێمە یەك لەدوا یەكەكاندا لەكاتی بەریگریكردندا, ئەمە زۆر جوانترە.

خاڵێكی تریشم هەیە, مەسەلەی كۆچڕەو بەڕاستی وەكو موستەڵەحێك ڕۆیشتوە ئەگەر بڵێین كۆڕەوە میلۆنەكەی تاكو كۆچڕەوەیەكە, بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم دۆسیەی ئەنفال هەیە, ئێستا دۆسیەی بارزانیمان هەیە, دۆسیەی كیمیابارانی هەڵەبجەمان هەیە، پێویستە ئەمانە هەمووی بەتەسەلسول بێت, ڕزگاریشمان دەبێت كە دێتە سەر مەسەلەی جینۆساید بەخاڵ دەست پێبكەین, هەموو شتێك لەكۆڵمان دەبێتەوە, خۆشی ماشاالله ماجستێری هەیە لەڕووی ئەكادیمەوە ئەزانێ چۆن تەرتیب بكات, من ئەوە پێشنیارم بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم بەس چوار, پێنج كەس ماوە لەسرەكەی تر, ئەوەیش وەختەكە زۆری بەسەردا چوو, كاك شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كاتی خۆی لەدەزگای شەهیدانی هەولێر, موشكیلەیەكی زۆر گەورەمان هەبوو, ئیحتیمالە جەنابی وەزیر لەمەودوا مەعلوماتی لەسەر هەبێت, بۆیە پێشنیار دەكەم لە ماددەی یەكەم لە خاڵی شەشەم بڕگەی (أ), (هەر كەسێ بەگیانی خۆی لەسەنگەری خەباتی چەكداریدا قوربانی دابێت) ئەمەی بۆ زیاد بكرێ, زیاد بكرێ بەهەر وەسیلەیەك, چونكە كابرا لیوا بووە كە فیشەكێك یان بەهۆی دەعمی سەیارە دەمرێ وەكو شەهید حیسابی بۆ ناكرێ, ئەمە موشكیلەیەكی زۆر گەورە بوو. لەبڕگەی (أ) كە تۆ باسی ئەنفال دەكەی ئەبێ بڵێی ئەنفال و كیمیابارانی هەڵەبجە, ئینجا جینۆساید, ئەمە زیاد بكرێ وەك مامۆستا محمد حكیم وتی, لەقوربانیانی جینۆساید هەركەسێ شەهید بێ یان گیانی لەدەست دابێ لەئەنجامی تاوانەكانی كۆمەڵكوژی و كیمیابارانی هەڵەبجە ئینجا (جینۆساید), زیاد كردنی كیمیابارانی هەڵەبجە موشكیلەكە حەل دەكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئەو بەڕێزانە زۆر قسەیان كرد, بەڵام بەقەناعەتی من ئەو یاسایە زۆر هەڵدەگرێت, حەقە زیاتر هەڵوەستەی تێدا بكرێ, زیاتر وردەكاری تێدا بكرێ, زیاتر خەمخۆری بكرێت بۆ بنەماڵەی شەهیدان و

**ئەنفال ئەوانەی بەهۆی قەزیەیەك لە میللەتی ئێمە تیاچوونە, بۆیە من بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەو تەعریفەی لیژنەی یاسایم کەدایناوە, بەلاَم ماددەی یەك کە پێکهاتووە لە (7) برگە, بابلێین (7) خاڵ پێشنیاری ئەوە دەکەم کە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێ, لەدوای خاڵی شەش, خاڵی حەوت ببێتە خاڵی هەشت, خاڵی شەش وەکو خۆی پێناسەکە بێ, ببێتە پێناسەی شەهیدانی میللەتەکەمان و, چۆنە و چۆن شمولی دەکات, خاڵی حەوت کە دابنرێ وەکو ئەوەی لەجیاتی بڕگەکانی**

**(أ, ب) ئەوە بکرێتە پۆلین کردنە (تسنیف کردنە), یەعنی پۆلین کردنەکەی لەگەڵدا نەبێت, ئەوە بەقەناعەتی من پێشنیاری ئەو گۆڕانکاریە دەکەم, یەعنی خاڵێك زیاد بکرێ, یەعنی پۆلین کردنەکە بکرێتە خاڵێك نەك بڕگە, چونکە لەگەڵ تەعریفەکە هاتووە, ئەمە یەك.**

**دوو: بەنیسبەت عائیلە هەیە, بەحقیقەت ئێمە ئیشارەت بەوە دەدین عائیلە هەیە تەیارە رەمی کردووە, لە دێیەك 10 کەس لە عائیلەکە شەهیدن، نموونەشمان لەسەر ئەوە زۆرە, بەلاَم لێرە یەك وارس نییە, دوو وارس هەیە, حەقە ئەوە وردەکاری بۆ بکرێ, ئەو شەهیدانە چۆن وەرەسە شمولیان دەکات؟**

**خاڵێکی تر ئەوەیە ئێمە بەتەمەنی درێژایی خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەمان ناگەڕێمەوە بۆ عموقی شۆڕش و خەبات و ساڵەکانی تر, بەلاَم شۆڕشی ئەیلول, ئێمە خەڵکمان لە 69 و 74 شەهید بووە, بەلاَم بەشێوەیەکی قانونی وارسی نەماوە, کوڕەکەی ژنی هێناوە, کچەکەی شووی کردووە, دایك و باوکی نەماوە, بەلاَم ئەم کوڕە گوناحی چییە, حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە, زروفێکی وەها نەبووە, هیچ ئیمتیازێکی وەرنەگرتووە, حەقە ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە, ئەوانەی کە شمولیان ناکا 18 ساڵی بۆ حیساب نەکرێ, ئیمتیازێکی لەوە وەربگرێت, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یامن سەرنجێکی زمانەوانییە و, گەلەك جار پەیڤت رەق هاتییە, پەیڤت نەنۆرماڵ هاتییە, کرێ نەمەدا نەنەکرێ، بەس ئەڤە پیرۆزترین پەیڤت بۆ گەلێ کورستانێ و, ئەژمبەرەوەیەکی ژێ جێ خودا ژ وەزارەتە کە ناڤێ وان پەیڤا هاتە دانان و, ئیرۆکە برینێ مە درێژە, یەعنی دەها ساڵە تێنەکەلاندن, ئەو بیرتە بیرینامە دەمێ داگیرکەر هات و هێرشی هێنا کوردستانێ, ئێت وان شەڕادان و هێشت وان هاتە کوشتن گۆتنە شەهید, گۆڕی وان بوو گۆڕی سەحابە, ئیشمە شەڕی بەرگری ئێتمە هاتنە کوشتن بوونە گاورو گۆڕی گاورستانە, باب کاری مە نەت گوت گۆڕی گاورستان گوتت گۆڕی (جان گۆریا), جانگۆریا بینڤن ئەڤە بە تشنیف سەعاتە ئەڤ بێن ڤاندو پەیڤا (شهداء وضحایا), ئەڤ بێن خانەکەین و نەقارە خانەکەین, چونکە نەکەلتوری ئێمەیە, بەس کەزڤرنە کەلتوری خۆ جانگۆریا ئەو کەسە کە چەکی بەرگری هەرگرتیە, یان ئەوەی چوویە مەیدانی جەنگی بەرگریشی لە ئاخا خۆ کرد, ئەوە جانگۆریە, ئەوە بێ شەڕیدا بێ حەمدی خۆ هاتە کوشتن ئەوە بێتە قوربانی, مەهینە جانگۆریا یەعنی (شهداء), مەهینە قوربانی یەعنی (ضحایا), ژبۆ خانەکەن زۆر ئاسانی دێتە خانە خانە کرن و, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەر چاوەڕێم كرد, بۆ ئەوەی هیچ برادەرێك تەسەوڕ نەكا موەجەهە بۆ ئەو, بەلاَم پێم باشە ئیلتیزام بكرێ بە دوو دەقەكەوە, چونكە ئەوەی ئیلتیزام ئەكا ئەوا زۆر شت ئەدا بەلاوە, یان بە نووسین ئەیدا, ئەوەی ئیلتیزام ناكا هەر چ شت هەیە ئەیلێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامەكەت بەجێیە, تكایە ئیلتیزام پێ بكەن, كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمن بەس مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی (ج) هەیە, (ضحایا من المواطن: كل من استشهد أو فقد حیاته داخل الاقلیم وخارجه) ئیزافە بكرێ, پاشی (نتیجة الاعمال الحربیة او الاعمال الارهابیة او اثناء الهجرة الملیونیة لشعب كوردستان) وەكو خۆی بمێنێ, لەبەر ئەوەی خەڵكێكی زۆر لە دەرەوەی هەرێم وەفاتی كردیە, شەهید بووە, لایەزال یان ئیحتیمالە تەرمیشی نەهاتبێتەوە, دەبێ جێیەك بكەینەوە, بۆ ئەوەی ئەوانیش ئیستیفادە بكەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرە خۆی بە موتڵەقی هاتووە, یەعنی هەردووك دەگرێتەوە، نەی گووتوە داخیلی هەرێم هەتا نەیگرێتەوە, كەنیوتووە یەعنی هەردووك دەگرێتەوە, كاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە بابەتێك تاوتۆ دەكەین, دەهێنێ زۆری لەسەر بگوترێ, لەبەرئەوە جگە لەوە, مەسەلەكە پیرۆزیەكی تایبەتی خۆی هەیە, بۆیە من پێم چاك بوو برادەران زۆر بە دەوڵەمەندی تاوتۆیان كرد, زۆر تێبینیم هەبوو, بەلاَم باس كرا, پێم باشە دووبارەی نەكەمەوە, بەلاَم مەسەلەیەك هەیە لە خاڵی پێنج (المؤنفل: كل من فقد حیاته او تضرر او لایزال مصیره مجهولا نتیجة جرائم الابادة الجماعیة ضد شعب كوردستان), ئەگەر بەپێی ئەم پێناسەیە بێت ئەوانەی لە پرۆسەی جەنگ, یان لە پرۆسەیەكی كۆكوژی لە ساڵەكانی 60, 70 كان ئەكەونە ناو خانەی موئەنفەلەوە, بەلاَم لە حقیقەتدا موئەنفەل ئەو كەسەیە كە لەپرۆسەكانی ئەنفال گیانی لەدەست داوە, یان زەرەری لێكەوتووە, یان بێ سەروشوێن كراوە, كە زۆربەی هەر زۆریان لە راستیدا بێ سەرو شوێن كراون, بۆیە ئەم ئیبادە جەماعیە جیابكرێتەوە, شتێكی چاكە, المؤنفل: كل من فقد حیاته او تضرر او لایزال مصیره مجهولا نتیجة جرائم الابادة الجماعیة ضد شعب كوردستان), ئەمە بەس بۆ ئەوەیە جیابكرێتەوە, پێشم چاكە ئەو پێناسەی كاك ئارێز كردی بۆ شەهید دابنرێ, بەلای منەوە شتێكی باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەلاس, وابزانم بەس مامۆستا انور ناوم نووسیوە, قسەت کرد, ناوم نووسی بوو, بەلاّم ئیشارەتم پێنەدابوو, تەواو ئەوانەی قسەیان کردووە, ناوم نووسیبوون هەموو قسەیان کرد, کاك د0کمال داوای قسەی کردووە, فەرمووو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وشەی شەهید شامیلە, بەلاّم ئەم تەقسیمە زۆر زۆر لەجێگای خۆیەتی, ئەوەی من مولاحەزەم کرد ناوی پێشمەرگە نییە, یەعنی ناوی پێشمەرگە پێویستە, چونکە یەکەم کەسە دەستیان بە خەباتی چەکداری کرد, خوێنیان رژا لەسەر چیاکانی کوردستان, بۆیە ئەو ناوە پیرۆزە پێویستە دیار بێ, مەسەلەن لە شەشەم فەقەرەی (أ) دەڵێ (الشهيد المناضل: كل من ضحى بنفسه في خندق الكفاح المسلح (البيشمرگە)), ئەوەی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە, لە جێگایەکی تر هەر خاڵی شەش فەقەرەی (ب) دەڵێ (ضحايا الابادة الجماعية: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استعمال الاسلحة الكيمياوية), باشترە هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستانی_عێراق ئیزافە بکەین, چونکە بەحقیقەت هەڵەبجە سونبلێکی گەورەی ئێمەیە پێویستە ئەویش لێرە دیار بێ, (أو الابادة القمعية للبارزانيين و الفيليين) ئەوە هەر لە جێگای خۆیەتی.

فەقەرەی (ج) خاڵی شەش (ضحايا من المواطنين: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة الاعمال الحربية او الاعمال الارهابية او اثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان), خاڵێکی تر دوای فەقەرەکە زیاد بکەین هەر لەگەڵی، چونکە ئەمە زۆر شت چارەسەر ئەکا, هەندێ کەس بزر دەبێ مەسەلەن موزاهەرە هەبووە لە کوردستان خەڵکیان لێ کوشتوە, خەڵکیان گرتووە لە زیندان حەپسیان کردووە, ئەمری ئیعدامیان بۆ داوە, سیاسی نەبووە و پێشمەرگەش نەبووە, شکیان لێکردووە و گیانیان لەدەست داوە, بۆیە ئێمە ئیزافەیەکی ئەوانە بکەین, (أو أی اساليب اخرى ضد شعب كوردستان), یەعنی ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە جا بەهەر سەبەبێك بێ لە دەستی ئەو دیکتاتۆرە, ئەمە شامیلێکە، ئینجا حەسر نابێ, ئەتوانی جێگای بۆ بکرێتەوە, بەنیسبەت ئەو پێشنیارانەی بۆمان هاتووە, کە دوابخرێ بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەوە نین, چونکە پێویستە تەواو بکرێ, ئێستا تەواو بێ, پێویستە ئەوانیش دەست بەکاری خۆیان بن, هەر پێشنیارەك بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆسەیە هەیە, لەهەر رۆژێك لەهەر سەعاتێك, پەرلەمانی کوردستان دەرگای بۆ کەس و کاری شەهید و ئەو رێکخراوانەی دیفاع لە شەهیدان دەکەن کراوەتەوە, بۆیە ئەوەی ئیمڕۆ دەست کەوتووە خوێنی ئەو شەهیدانەیە, لەپێشی هەموویان پێشمەرگە قارەمانەکانە, تکامان وایە ناوی پێشمەرگە لێرە بزر نەبێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لێرە موناقەشات تەواو بوو, من 20 دەقە دەدم بۆ ئیستراحەت, جەنابی وەزیر لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو مولاحەزانەی کە لەلاتان مەقبولە وەریبگرن, دوو وشە هەیە, یەکێکیان: ئیزافە کردنی ئەو پێشمەرگەیە کە کاك د0کمال ئیشارەتی پێدا, ئەوەی تریان ئەو موقتەرەحەیە کە کیمیاباران بنووسرێ, هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستانی عێراق, ئەگەر ئیتیفاقتان کرد باشە, ئەگەر ئیتیفاقتان نەکرد دەیخەینە موناقەشە, سەعات (1:00) دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان, ئەو 20 دەقەیە ئیستیراحەیە و, ئیش کردنە بەنیسبەت ئەو دوو لیژنەیە و جەنابی وەزیر, بەڵام ئەمڕۆ هەر تەواوی دەکەین, سوپاس, فەرموون.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهربان.**

کۆبوونەوەکەمان دەست پێدەکەینەوە, داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن, دوا سیغە بۆ ماددەی یەك, لەبەر ڕۆشنایی ئەو موداخەلاتانە, بۆمان بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان, گەیشتینە ئەو بۆچوونە هاوبەشە, ئەویش لەسەرەتادا (قانون حقوق ذوي الشهداء) بووە (قانون حقوق و امتیازات), لەماددەی یەکەم بڕگەی (4) لەبەر ئەوەی پێویست ناکا پێناسە بکرێ لامان‌دا, بڕگەی (6) بەم شێوەی لێهات:

الشهيد: كل من فقد حياته في خندق الكفاح المسلح أو النضال السياسي دفاعا عن الحركة التحريرية الكوردستانية أو نتيجة جرائم الإبادة الجماعية أو العمليات العسكرية ضد شعب كوردستان, وتصنف كالتالي:

أ-الشهيد المناضل: كل من ضحى بنفسة في خندق الكفاح المسلح (پيشمرگايەتی) أو النضال السياسي أو من جرائهما.

ب-شهيد الأبادة الجماعية: كل من استشهد أو فقد حياته نتيجة جرائم الأبادة الجماعية أثناء جرائم الأنفال أو استعمال الأسلحة الكيمياوية(الحلبجه او مناطق اخرى) أو الحملات القمعية ضد البارزانيين و الفيليين.

ج-الشهيد المواطن: كل من استشهد أو فقد حياته نتيجة الأعمال الحربية أو الأعمال الإرهابية أو أثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان أو جراء أی اساليب قمعية اخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك شتان لەبیر چووە, لەپێناسەکە (كل من فقد حياته في خندق الكفاح المسلح أو النضال السياسي دفاعا عن شعب كوردستان و الحركة التحريرية الكوردستانية), چونکە ئەو کەسەی کە شەهید بووە, نەهاتووە

لەپێناوی حەرەکەی تەحەروری، بەڵکو هاتووە لە پێناوی میللەتێك, گەل و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی بدایەت تێیدابوو, ئەوە لە موداخەلەتەکانیش تێدابوو, باشتر بوو جەنابی وەزیرش رازی بوو لەسەری, (بزووتنەوەی رزگاریخوازی) (گەل و نیشتیمان), (دفاعا عن شعب کوردستان والحرکة التحریریة الکوردستانیة), (الحرکة التحریریة) هەمووی دەگرێتەوە, ئەوە هەڵەبجەکەی تاخیر کرا, ئەو جوملەیەش کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان ئیزافەیان کرد هەر ئەسالیبی قەمعی تر, پێشمەرگەش ئیزافە کرا لەو شوێنە, برگەی (4) داواکرابوو لابردرێت, چونکە عینوانەکەی گۆڕا لەبەر داواکاری ئێوە, چونکە لە عینوانەکە بووە قانونی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان, بۆیە ئەم بڕگەیە لابردرا, خۆتان داواتان کردبوو, ئەگەر هینتان نەبێ دەیخەمە دەنگدان, کێ لەگەڵ ماددەی یەکە بەو تەعدیلاتەی کە خوێندرایەوە, دەستی بڵند بکات؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, بڕۆ سەر ماددەی دووەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەماددەی دووەم هیچ تێبینیەکمان نییە وەکو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يهدف هذا القانون الى معالجة الوضع العام لذوى الشهداء و المؤنفلين و رعايتهم ماديا و معنويا بما يتناسب حجم و مكانة التضحيات التي قدمه الشهداء لتخفيف المعاناة عن ذويهم.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: ئامانجی ئەم یاسایە ئەوەیە چارەسەری بارودۆخی گشتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بکات, وە لەلایەنی دارایی و مەعنەوەیەوە چاودێریان بکات بەجۆرێك لەگەڵ قەبارە و پایەی ئەو قوربانیانەی کە شەهیدەکان پێشکەشیان کردووە بگونجێت, لەپێناوی کەم کردنەوەی ئازاری کەس و کارەکانیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس تەنیا لە کوردیەکەی و لە عەرەبیەکەش (يتناسب حجم و مكانة), ئەو (مكان)ە زیادە, یان (جسامة) هەردووکی دەگرێتەوە, لەجیاتی (حجم و مكان) جەسامەتەکە دابنرێ, (يتناسب جسامة التضحيات التى قدمها الشهداء), کەس ئەگەر مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەمە؟ باشە, چوار کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە, فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار, جەسامەت تـەنها بـۆ ئـەو هینـە بەکارنایـەت, موستـەڵەحی جەسـامەت بـۆ شـەهید و تـەزحیات بەکارنایەت, بۆ جەرائیم بەکاردێت, ئەمە یەك.

دوو: بەنیسبەت ئەم قانونە کە دەڵێ (یهدف هذا القانون الى معالجة الوضع العام) ئێمە تەنها ئەوزاعی عامان ناوێ چاکەین, یەعنی هەندێك شت هەیە لـەماددەی هەشـت لـە فەقـەرەی (2) ئیقتیراحێك دەکـەم, ئەگـەر بووترێ (یهدف هذا القانون الى معالجة الاوضاع العامة و الخاصة لذوی الشهداء و المؤنفلین و رعایتهم مادیا و معنویا بما یتناسب حجم ومكانه) ئەتوانی (مدة النضال شهادة) بۆی ئیزافە بکەین, (مع)یش لەبیرتان چووە (یتناسب مع), سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی دووەم, من نوسخە عەرەبیەکەم لەلایـە, پـێم باشـە وای لـێ بێـت (یهـدف هـذا القـانون الى معالجـة الوضع العام لذوی الشهداء و المؤنفلین و رعایتهم لتخفیف المعاناة الـذی لحقـت بهـم بفقـدان ذویهـم), یـەعنی ئیختیسارە و هەدەفەکەش زۆر شامل تـر دەبێت, وا تەسەوڕ ئەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو وەزعە عامەمە کە سوزان خان باسی کرد, چونکە ئەو قانونە ناتوانێـت وەزعـی عـامی (ذوی شهداء) موعالەجە بکات, تەنها هەندێك حقـوق و ئیمتیازاتیـان پـێ دەدات, بۆیـە ئیقـتیراحم ئەوەیـە بڵـێتن (یهدف هذا القانون الى احقاق و تكریم ذوی الشهداء), چونکە هەنـدێك حقـوق و ئـەوەی تـر قتعـە ئەرزێکـە دەیدات, یەعنی موجەردە تەکریمە هیچی تر نییە, وەزعی عام گەورەتر لەوەی کە قانونەکە پێی هەڵساوە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعـەن ئەهـدافی زۆر گرنگـە, بـەڵام لێـرە کـە دەڵـێ (یهـدف هـذا القـانون الى معالجـة), موعالەجـە یـەعنی گرفتێك هەیە, و موعالەجەی دەکات, جا دەبێ کەلیمەکی تر زیاد بکرێ, یان خدمەت بێ, یـان ئـەوەی کـاك دیلمـان وتـی تکـریم بـێ, یـان خدمـەت و موعالەجـەی وەزعـی عـام, وەك کـە لەکوردیەکـە هـاتووە, ئەگـەر خدمەتی لەگەڵدا نەبێ سیاغەی ماددەکە زەعیف دەبێ, سوپاس.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کەم کردنەوەی ئازار بە مادە نـاکرێ, بۆیـە پـێم باشـە بکرێتـە بـاش کردنـی ژیـان و گوزەرانیـان , کـەم کردنەوەی ئازارەکان لابربدرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر هیچ رەئیت هەیە لەسەر ئەو مولاحەزاتانە؟ فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەموو مولاحەزەکان لە جێی خۆی بوون, پێم وایە ئەوەی سۆزان خان باسی کرد, ئەو دەڵێ (خاص)یشی تێدا بێ, پێم وایە نەچینە ناو وردەکاریەکان, ئەگەر (خاص)ی تێدابێ, دەبێ تەدەخولی هەموو ئمورێکی شەخسی عائیلەکە بکەین, بۆیە ئەو وردەکاریە زیاد باری ئێمە قورس بکات, هەر بۆ خودی عائیلەکەش ئەوەی قبول نەبێ, بەلاَم بۆ شتی عام ئێمە دەتوانین هاوکاریان بکەین.

مەسەلەی مادی و مەعنەوی, تەبعەن دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین مەسەلەی مادی و مەعنەوی دوو شتی تەواوکەری یەکترن, کاتێك کە کێشەی مادیت چارەسەر کرد, زۆربەی جار کێشە مادیەکان کێشە مەعنەویەکان چارەسەر دەکات, مەسەلەن خیلافێکی عائیلی هەیە, موشکیلەیەکی نەفسی هەیە, موشکیلەکی سەحی هەیە, بەلاَم کە تۆ هەندێ مەسائیلی مادیت بۆ دابین کرد, ئۆتۆماتیکیەن ئەوەی تر چارەسەر دەبێت, بۆیە ئەو دووە تەواوکەری یەکترن, تەئکیدی لەسەر بکرێتەوە, دابنرێت و, دەشکرێ صیاغەکە بەشێوەیەکی تر یان باشتر دابنرێ, بۆ ئەوەی زیاتر هەدەفەکە بگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر رۆشنایی ئەو مولاحەزاتانەی کە درا, باشترە وای لێبکەین ئەگەر لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر رازی بن, (يهدف هذا القانون الى ضمان حقوق و امتيازات ذوى الشهداء و المؤنفلين و رعايتهم ماديا و معنويا بما يتناسب) جالێرە کەلیمەکە موشکیلە نییە, (عظمة تضحيات) حەز دەکەم بنووسن, پاشی (التي قدمها الشهداء لتخفيف المعاناة عن ذويهم), لە جیاتی جەسامە و حەجمەکەی (عدم التضحيات), ئەگەر پێتان باشە لیژنەی قانونی ئەو صیغەیە دەخەمە دەنگەوە, سۆزان خان دەڵێ جەسامەتەکە ناکرێ هەبێ, لیژنەی قانونیش تەئیدی من دەکەن, راستە جەسامەتەکە هەبێ, بەڵێ جەسامەی جریمە هەیە, جەسامەی تەزحیە هەیە, جەسامەی تەزەرور هەیە, جەسامەی مەعانات هەیە, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی سۆزان خان دەکەم, جەسامەتەکە لە جێگای خۆی نییە, لەگەڵ ئەو تەزحیاتەی شەهید دەدا ناگونجێ, ئەوەی لە ماددەکەدا هاتیە صیاغەکە لە جێگای خۆیەتی بەقەناعەتی من, بەنیسبەت زەمانیش جەنابی وەزیر ئەگەر موافەقەت بکات, زەمانەکە لە موعالەجەکە زۆر زۆر بەقوەت ترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم, (حجم)ەکەم پێ باشترە, فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی دیفاع لە ڕەئیەکەی خۆم بکەم, پێم وایە (ورعایتهم) چونکە لە دوای ئەو ماددەیەوە ماددەی ڕەواتب و مادی هاتووە, مەعنەویەش هاتووە و ناوی هاتووە, ئەمە یەك.

دوو: (بما یتناسب) بە جەسامە بێت, هەرچی بێت, من لەو باوەڕەم هیچ شتێ (لا یتناسب) لەگەڵ جەسامەت و گەورەوی ئەوە, لەبەرئەوە، ئەوە لابردرێت, یەعنی هەر ناوی نەیەت, چونکە چی هەیە یەعنی تەناسوبی هەبێ لەگەڵ ئەوە, (لتخفیف المعاناة التی لحقت بهم جراء فقدان ذویهم), مەبەستم لە شەهید و ئەنفالە, بۆیە پێم باشە (ورعایتهم مادیا و معنویا) نەمێنێ, چونکە هاتووە لەماددەکانی دوای ئەوە, هیچ شتێك تەناسوب ناکات یەعنی بۆ تەخفیفی ئەو مەعاناتە, یەعنی ئەو موناسب نییە لەگەڵ ئەو شتە, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوسخە عەرەبیەکەم لەلا نییە, وابزانم ئەگەر بەو جۆرەی ئەوان بیری لێبکەنەوە جوملەکە تێك دەچێت, یەعنی هەموو شتێك دەبێ دیار بێ, دەڵێ قەبارەی ئەم ئیشە یەعنی یارمەتیەکی وایان بدەین, یارمەتیەکە لەگەڵ ئەوان بگونجێ, تۆ ئەتەوێ یارمەتیەکە گەورە بکەی, یارمەتیەکە ئەوەندە بێ, موشکیلەی ئەوان چارەسەر بکات, من وابزانم دەبێ دوو شت لەبەر چاو بگرین:

1-ئەمانە مەشاکلیان هەیە, گرفتیان هەیە.

2-ئەبێ خەدەماتەکانیان بەردەوام پێشەکەش بکرێ.

کەواتە لەجیاتی رعایە, چونکە رعایە زەعیف کردنی زەلامە, یەکێك زەعیفە تۆ ئەتەوێ دارەدارەی بۆ بکەی, ئەمە نابێ دارەدارەی بۆ بکەی ئەمە ئەبێ بەبەرز رایبگری, یەکەم, ئەبێ کێشەکانیان چارەسەر بکەین (معالجە مشاکلهم) یان هەر کەلیمەیەك لەو بابەتە, دوو, (تقدیم الخدمات المتواصلە الیهم), ئەم دوو شتەیان پێویستە, ئەوانە هەرچی مەشاکلیان ئەبێ, پێویستە ئەو خەدەماتەش ڕۆژ بەڕۆژ بگۆڕی, مەسەلەن دوێنێ پێویستی بە ئینترنێت نەبوو, ئەمڕۆ پێویستی پێدەبێ, یەعنی بەردەوام خەدەماتەکە پێویستی بە تەجدید هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا, ئێمە پێمان باشە ئەو ماددەیە هەروەك خۆی بمێنێ لەبەر ئەوەی موعالەجەی وەزعی عامی کەس و کاری شەهید و ئەنفالەکان پێشەکی گیروگرفتیان هەیە لەوەزعی عامدا, بۆیە یەك لە ئامانجەکانی وەزارەت ئەوەیە چارەسەری کێشەو گرفتەکان بکات, دوای ئەوە رعایەتی مادی و مەعنەویان پێشەکەش بکات,

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام (حجم التضحية) لێرە بمێنێ، یا (مكان)ەكە نەمێنێ، ئیتر ماددەكە وەكو خۆی بخرێتە دەنگدان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەزعی عام، شتێكی عامە، قسەیەكی عامە تەحدید نییە، لەبەرئەوەی ئەو موقتەرەحەی پێشتر خوێندمانەوە دەقیق ترە, (يهدف هذا القانون الى ضمان الحقوق و امتيازات ذوى الشهداء و المؤنفلين و تكريمهم و مساعدتهم و رعايتهم) ئیزافە بكەین, (بما يتناسب حجم المكان) با بمێنێتەوە, مادەم لەئەصڵی هینەكە هاتووە, (التضحيات التى قدمها الشهداء لتخفيف المعاناة عن ذويهم) ئەوە ئیقتیراح دەكەم دەنگدانی لەسەر بكرێ, بینووسەوە (يهدف هذا القانون الى ضمان حقوق و امتيازات ذوى الشهداء و المؤنفلين و تكريمهم و رعايتهم و مساعدتهم ماديا ومعنويا بما يتناسب وحجم ومكانه التضحية التى قدمه الشهداء لتخفيف المعاناة عن ذويهم), نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو د0ناصح.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ شتێك لەم دونیایە هاوتای خوێنی شەهیدان نییە, لەبەرئەوە پێویست ناكا حەجم و مەكانی تێدابێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە, فەرموو دانیشە ئەوە نوقتەی نیزام نییە, ببورە ئەوە موناقەشەكرا, وتی تێدا بێ، یەكی تر وتی تێدا نەبێ, ئەو سیغەیە مایەوە, بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازە هەبێ, لێرە ئەمەوێ ئەوە بە برادەران بڵێم, ئەو پارەیە یان ئەو مادەیە یان ئەو رعایەتە لێرە كە تەقدیمی كەس و كاری شەهیدان یان ئەنفالان دەكرێت قەت موقابیلی روح نییە, چونكە روح ناتوانی بە مادە تەعویزی بكەینەوە, بەلاّم لێرە ئێمە تەسنیفمان هەیە: شەهیدی سەنگەر, شەهیدی جینۆساید, شەهیدی هاووڵاتی لێرە دەگەڕێینەوە بۆ تەسنیفەكە حقوق و مەعاشەتەكان جیاوازە, لێرە (بما يتناسب) مەبەستی سەروە, یەعنی دانانرێ بەدیلی روحی ئەو كەسە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سیغەكەم هەیە, هەروا دەیخوێنمەوە ئەگەر پەسندتان كرد, (يهدف هذا القانون لخدمة و تكريم ذوى الشهداء و المؤنفلين ورعايتهم ماديا و معنويا و تخفيف معاناتهم بما يتناسب مع التضحيات التى قدمها) كورت و موختەسەرە, بەلاّم وابزانم شامیلە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمــە هــەمان مانــا دەگرێتــەوە, بــەڵام قــانون زەمانــەت دەدات خزمــەت ناكــات, زەمانــەتی ژیــان, ئێمــە لەســەرۆكایەتی پەرلــەمان تەقــدیم دەكــەین ئــەو كەلیمەیــە, پــێم وایــە ئــەو كەلیمــە دەقیــق تــرە, زۆر موناقەشەكرا ئەگەر لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر ئیعتیرازیان نییە, ئەو سیغەیەم پێباشـترە و دەیخەمـە دەنگــەوە (یهـدف هـذا القـانون الى ضـمان حقـوق و امتیـازات ذوی الشـهداء والمـؤنفلین وتكـریمهم ورعـایتهم ومساعدتهم بما یتناسب وحجم ومكانة التضحیة التی قدمه الشهداء لتخفیف المعاناة عن ذویهم), كـێ لەگـەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فـەرموون, كـێ لەگەڵدا نییـە, دەسـتی بەرزبكاتـەوە؟ فـەرموون, بـەكۆی دەنگ وەرگیرا, برۆ سەر ماددەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: یثبت المشمولین باحكام المادة الاولى من هذا القانون بالوثائق الرسمیـة و في حالـة عـدم وجودهـا یصار الى اثباتها بطرق قانونیة اخرى امام اللجان او المحاكم و الجهات المختصة وتقـدم الى المـدیریات العامـة في محافظات الاقلیم.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: ئەوانەی دەكەونە ژێر سـێبەری حوكمـەكانی مـاددەی یەكـەم لـەم یاسـایەدا بـە بەڵگەنامـەی فەرمی دەسەلمێندرێ, لەكاتێكدا ئەو بەڵگانە بە دەستەوە نەبێ, دەكرێ بە ڕێگاكانی یاسایی دیكـە لەبـەردەم لیژنە و دادگاكان و لایەنە تایبەتمەندەكان بسەلمێنن و بە بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەكانی پارێزگاكانی هـەرێمی پێشكەش بكەن.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم لیژنە پێشنیار دەكات دووبارە دابرێژرێتەوە و بەمجۆرە بخوێندرێتەوە:

ماددەی سێیەم: ئەوانەی بەر حكومی ماددەی یەكەمی ئەم یاسایە دەكەون لەرێگای سەلماندن بـە بەڵگەنامـە ڕەسمیـەكان دیـاری دەكـرێن, لـەكاتی نـەبوونی دا بـەرێگای یاسـایی لەبـەردەم دادگاكـان و لایەنـە پەیوەنـدی دارەكانەوە دەسەلمێندرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم وایە لیژنەی قانونی سیغەكەی باشترە, شتێكی واهین نییـە, ئەگـەر كـەس مولاحـەزەی نییـە, دەیخەمـە دەنگەوە, مولاحەزەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو قانونە بۆ ئەوە دانراوە کە حقوق و ئیمتیازاتی کەس و کاری ئەو شەهیدە سەر بەرزانە زۆر بەئاسانی بێتە بەردەستیان, ئەگەر هاتوو ئەو شەهیدانە بەگوێرەی ئەو وەسائیقانەی کە هەیانە, ئیسپات کرا کەئەوانە شەهیدن و موئەنفەلن و کەس وکاری ئەو شەهیدانەیە, چ پێویست دەکات لەبەردەم لیجان و محاکم و جیهاتی موختەس, جیهاتی موختەس چیە؟ باشتر وایە ئەگەر وەسائیقەکان هەیە, موجەرد بە ئیسپات بە تروقی قانونی لەپێش مەحاکم حەسری بکەی, ئیتر بۆچی بچێتە لیجانی تر و جیهاتی موختەس, ئەمە ئەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و ئەرك خستنە سەر کەس و کاری شەهیدان بەدوای ئەم لیژنە و جیهاتی موختەس و مەحاکم, هەر یەکسەر ئیبتدائەن لە ئیشەکەوە, ئەگەر وەسائیق نەبوو لەبەردەم مەحاکەمەی موختەس ئیسپاتی بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر باسی ئینتیقال بکەین, دەڵێ لەوەختێکدا ئەگەر موستەمسەکاتیان نەبێ ئینجا, دەڵێ ئەگەر نەبوو بە ڕێگای قانونی ئیسپاتی بکاتن, لەبەردەم مەحاکم و جیهاتە پەیوەندیدارەکان, ئەگەر وەسائیقی نەبوو هیچ, هەندێك کەس هیچ شتی نییە, دەبێ ڕێگایەکی بۆ بدۆزینەوە, مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم ماددەیە زیادە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر قانونێك دەکەین, بۆ کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانە, هەموو ئەو شەهید و قوربانیانەی کە ئێمە باسیان دەکەین, شەهیدی دەستی تەعریب و دەسەڵاتی شۆڤینیستی عەرەبین, بەڵام بەداخەوە دیسان دێینەوە سەر قسەکەی جاران, دەبوایە ئەو پرۆژە یاسایە لەهەموو پرۆژەیاساکان باشتر بە کوردی دابڕێژرابوایە, ئێمە لەپەرلەمان کە عەرەبی نازانین لەسەر وشەی جەسام و ناجەسام گفتوگۆ دەکەین, دێین بەکوردی دەخوێنینەوە, هەندێك برادەریش بەبیانووی لەبەردەست نەبوونی کوردیەکە بەعەرەبی قسە دەکەن, عەرەبیەکەش وەکو باسم کرد نازانین, لەبەرئەوە دەبوایە زیاتر ڕەعایەتی ئەو مەسەلەیە بکرێتن, ئەمە یەك.

دوو: پێش ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە بڵاوبکرێتەوە, لەڕووی زمانەوانیەوە پێیدابچینەوە بەزمانێکی کوردی ڕەوا دابڕێژرێت, ئینجا بڵاوبکرێتەوە من بەش بەحاڵی خۆم تکا دەکەم, مەسەلەی زمانی کوردی بەهەند هەڵبگیرێت, وەکو ئەوەی ئەگەر بەکوردی قسەبکەین یان بەکوردی گفتوگۆ بکەین, یان بەکوردی پرۆژە یاسایەکان دابڕێژین کەم و کورتی تێدابێ کە لەڕاستیدا ئەمە وانییە, بە پێچەوانەوە بە عەرەبی گفتوگۆ کردن و بەعەرەبی پرۆژە دانان کەم و کوڕی لەوەدایە نەك لەکوردیەکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەقسەی کاك ئارێز دەکەم, ئەبوایە ئەم مەشروعە قانونە بە کوردیەکی باش دابڕێژرابوایە و, یەکێك لەم نوقتانە وابزانم یەك لە ئەندام پەرلەمانەکان ئیشارەی پێکرد, مەسەلەی جینۆساید یەعنی(إبادة الجنس), نەك ئیبادەی جەماعی یان کۆمەلکوژ, ئەوە لەزۆر شوێنی کوردیەکە هاتووە ئەلێ کۆمەلکوژی, ئیبادەی جنس یەعنی هەرچی ژیانی لەبەردایە هەمووی ئەکوژێ, نوقتەیەکی تری ئەم ماددەیە, ئەم برادەرە ئەلێ ئەم ماددەیە زۆر زەروری نییە, من ئەم ماددەیە زۆر بە زەروری ئەزانم, چونکە بەڕاستی تێکەلأوکردنی, وەکو چۆن لەماددەی دووەم باسمان کرد مەکانەی تەزحیات و حەجمی تەزحیات ئەو کەسانەی کە تەزحیەیان داوە, لێرە چۆن ئەو ماددەیە تەحدیدی دەکات و, من داوا لەجەنابی وەزیر دەکەم کە لەوەزارەتەوە حالەتێکی وەها دابڕێژن کە جاش نەکرێ بەشەهید و, حەجمی تەزحیات و حەجمی هینەکان هین نەکرێ, چونکە ئەوەی کاك عوسمانیش باسی کرد یەکێ لەموشکیلەی شەهیدەکانمان موعاناتیان بەدەستەوەیە کە هەندێ کەس هەیە هیچ تەزحیەی نەداوە, یان لە شوێنێکی تر شەهید بووە, یان کراوە بە شەهید لەبەر ئەوە داوا دەکەم حالەتێکی وادابنرێ کە کەس مەغدور نەبێ, ئەوانەی کە شەهید بوون فیعلەن بەپێی حەجمی مەکانەتی خۆیان تەقدیریان بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە زەرورە, شتێکی تازەت هەیە کاك پیر خدر؟ فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەئەنجامی پراکتیك, یەعنی لەئەنجامی چەندەها کەس و کاری ئەنفالکراو لەناوچەی تازە رزگار کری, کە وەختی خۆ لە چیایی بووینە, منداڵ بووینە نەهاتینە ناڤ نوسینی سجلێ نفوسێ, تازە گەڕاینەوە ئەو دەوائیرە نفوسێ ناوچە تازە ڕزگار کری, رووی نادەنەوان مەعامەلەتی وان ئاستنگ بن, جەنابی وەزیرش ئاگادارە, جا ئەگەر لیژنەیەك هەبیت, یەعنی ماددەیەك یان شتێك کەمە, ئەگەر لیژنەیەك هەبیت کاری وان ئاسان بکات, ئینجا بۆ خۆ دۆکیومێنت پەیدا بکات, دائیرەیەکی وەکو ئەلقوش و شێخان, یەعنی معامەلاتی وان نامەشیە, ئینجا ئەگەر راسپاردەیەك هەبیت یان لیژنەیەکی ژ دگەل هەبیت, پشتیڤانی وان بکات بۆ بەدەست هێنانی دۆکیومێنتا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەن یەك مولاحەزەیەکی کورت, تەبعەن ئەو ماددەیە زۆر زەرورە هەبێ, لەبەر ئەوەی جارێکی تر شانس دەداتەوە هەر کەس و کاری شەهید یان ئەنفالکراوەکان لەناو وەزارەت, تەبعەن پەلەی

نەکەین لەماددەی پاشی باس دەکات لیژنەیەکی تایبەت دەبێت لەناو وەزارەت، ئەو تەحدید دەکات بەپێی تەحقیقاتی خۆی، ئەوە شەهیدە یان شەهید نییە، یانیش موئنفەلە یان ناء ئەگەر لەوێ ئیسپات نەبوو یان وەزارەت نەگەیشتە ئەو قەناعەتە، ئەو کاتە حەقی هەیە جارێکی تر ئیستیعانە بە مەحاکم بکات، بەڵکو دەڵێ ئەو لیژنەیە غەڵەت بووە، لەوێ ئەو حەقە زامن بکات، ئەوەی کاک پیر خدر باسی کرد، مەسەلەی ئەو کێشەیە هەیە، بەڵێ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ئەو کێشەیان هەیە، نەك هەر لەبادینان بەڵکو لە گەرمیانیش، لەبەر مەسەلەی مەحاکم و عەقدی زەواج و نفوس، ئەو کێشەیەمان چارەسەر کردیەو لیژنەی قانونی ئاگادارن، ئێمە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و شەهیدان هاتن لە لیژنەی قانونی دانیشتن، ئێستا خەریکین پرۆژە یاسایەك ئامادە دەکەین تایبەت بەو کێشانە، لەبەر ئەوە تەوەقوع دەکەم ئینشاالله لەبەهار ئەو یاسایە لێرە دەربچێت، ئەو کێشەیەش چارەسەر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە زۆر زەرورە کە هەبێ، ئەمە یەك، دوو: ئەوەی لە لیژنەی قانونی هاتووە زۆر بەجوانی تەوزیح کراوە، هەموو ئیحتیمالێکیش وەرگیراوە، وەکو ئەوەی بەڕێز وەزیر روونی کردەوە بەم شێوەیە بێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم جەنابت بیخاتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من مولاحەزە دەکەم لەو ماددەیە، بەحقیقەت رەقابەیەکی قەزائیی هاتۆتە ناو مەسەلەکە، ئەو رەقابە قەزائیە کە هاتییە، زەمانەتێك دەداتە کەس و کاری شەهیدان، ئەوەی بزانی کە تەڵەباتەکەی لە لیجان رەفز بووە، دەبێ قەراری ئاخیر بۆ قەزا بێت، بۆئەوەی بڕیاری خۆی بۆ بدات، بۆیە بە قەناعەتی من ئەو ماددەیە زەروریە لەو مەشروعە بمێنێ، لەبەر ئەوەی رەقابەیەکی قەزائیی تێدایە کە زەمانەتی کەس و کاری شەهیدان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پێم وایە زەرورە و سیغەکەش باش هاتووە، و دیقەتیشی تێدایە و، ئەگەر تەفسیلاتیش پێویست بوو، وەزیر دەتوانێت لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە تەفسیلات دەربکات، تەعلیمات دەربکات، بۆیە دەیخەمە دەنگەوە، ماددەکە بە ئیقتیراحی لیژنەی قانونی، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکات، فەرموون، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، یەك مولاحەزە، ئەوەیش ئەوەیە زۆر جار مەسەلەی زمانەوانی مولاحەزە دەدرێت، ئەوە کێشەیەکە بە رۆژەك و دوو رۆژ حەل نابێت، ئێمە خەڵکمان داناوە، خەبیرمان هێناوە، شارەزاشمان داناوە، بەلاَم من یەك داوام هەیە لەئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی کە زمان باش دەزانن، پرۆژەکە کە یەکەم جار دەخوێنێتەوە و تەوزیع دەکرێت، پێش ئەوەی جەلسە دابنرێ

- سەبارەت بە بڕگەی (6) دووەم لەهەمان ماددە لیژنە پێشنیار دەکات لابدرێت, چونکە هەر بەم جۆرە دەبێت و زیادە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم ئێمەش هەروەك لیژنەی یاسایی لە بڕگەی (2) ماوەی (10) رۆژە بکرێ بە (30) رۆژ, لەبەر دوو هۆ, هۆکاری یەکەم ئەتوانین بڵێین نەخوێندەوارن.

دووەم, رۆتینێکی وشك هەیە لەدائیرەکان, بۆیە قەناعەتم نییە ئەوە بە (10) رۆژ تەواو بێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی چوارەم, لەعەرەبیەکەی (لجنة الخاصة) ئەلف لامەکەی لاببەن, لە دووەم (ضد) دەبێ (من القرار) نەك (ضد القرار), ئەوەی موفتەرەحی لیژنەی قانونییە دوو شتە,

یەك, مودەکە واتە ماوەکە لە 10 رۆژ بکرێتە 30 رۆژ, ئەوە شتێکی مەنتقی زۆر تێدایە, مەحاکمی بەدائە رەبتی بە مەحاکمی ئەحوالی شەخسی هەیە, ئەوەش راستە, فەقەرەی شەشەمیش لابردرێت, ئەگەر کەس تێبینی نییە, باش ناوەکان دەنووسم, پەخشان خان, کاك محمد فرج, کاك ئارێز, سۆزان خان, کاك عمر, گوڵناز خان, پخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایم سەبارەت بە بڕگەی (2)ی دووەم و, پێشنیاری سەبارەت بە گۆڕینی مەحکمەی بەدائە بۆ مەحکمەی ئەحوالی شەخسی, بریا شەرحێکیان کردبوایە, یەعنی بۆچی ئەم مەحکمەیان گۆڕیوە؟ شەشەمیش لەگەڵ ئەوەم, خۆی ئەوە ئۆتۆماتێکی وەکو باسیان کرد ئەڕوا, بەس من پرسیارێکم هەیە, حالەت هەیە باسی لێوە دەکرێ, هەندێك شەهید نین, یەعنی هیچ یەك لەو تەعریفانەی لەسەری نابێ, لێرە هەیە بەس کە تعونات بۆ ساحێبی مەسڵەحە و کەس و کاری شەهیدان بۆ ئەوانەیە بەپێی ئەم ماددەیە لەیاسایەکە, باشە ئەی حەقی عام کە کابرایەك شەهید نییە, بەلاّم بەپێی ئەم تەعریفاتانەی شەهید لەکوێ لەم یاسایە جێگای دەبێتەوە, چونکە ئەوەیش عیلاقەی بەمافی شەهیدەوە هەیە, کە یەکێکە شەهید نییە, بەلاّم عائیلەکەی مافی شەهیدێك ئەبات, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوار, یەکەم: بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە لیژنەیەکی تایبەت, من پێم وایە لەهەموو وەزارەتێك بەتایبەتی لەوەزارەتەکەیەوە بەشی یاسا هەیە, یەعنی سەرۆك دیوان ناتوانێ ئەم کارە بکات, بەشی یاسا دەزانی شێوەی سکالاّیەکە چۆنە, جۆری داواکاریەکە چۆنە, ئێوەش لەوەزارەتەکەتان بەشێکی واتان هەیە,

لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم ئەمە لابىردرێت, هەر بەشی ئەو یاسایە بەرپرس بێت لەوەرگرتنی ئەم سکالأیە, ئەتوانێ جوانتر رێکی بخات, خۆشی بەعزێکی چارەسەر ئەکات، ئینجا ئەیدا بەئێوە, سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەقسەی کاك محمد دەکەم, یاسایەکمان هەیە, یاسای وەزارەت خۆی, یاسای پەیکەری وەزارەت, دوو: لەیاساکەدا هاتووە پەیڕەوی ناوەخۆی وەزارەت کاروباری وەزارەت دەکات, ئەکرێ لەوێ جێی بکاتەوە هیچ پێویست ناکات، بەڵکو هەموو وەزارەتەکە بەکۆی گشتی بەرپرسە لەو خالأنەی کە کرایە (1,2 هەتا 5) لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لیژنەی قانونی کردوویەتی, مەبەستمان پێویست ناکا ئەو لیژنەیە لێرەدا دیاری بکرێ,خۆی لە دەسەلأتی وەزارەت لە دوا رۆژدا لە پەیڕەوی ناوەخۆدا جێی بکاتەوە, سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی چوار, یەکەم ئەو لیژنەی دەبێ ئیختیساسی بێت, چونکە تەماشای ئیعتیرازات دەکات, قانونی بێت, ئەوەی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە دەکات مەفروزە دەرەجەی قازی بێت, نوێنەری وەزارەتی عەدل بێت و, لەچەند وەزارەتێك ئەو لیژنەیە پێك بێت, وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان, وەزارەتی مافی مرۆڤ, وەزارەتی پێشمەرگە, ئەو لیژنەیە دەبێتە پالْپشتەك بۆ تەسهیلی ئەمری مەحاکم, هەموو شتەك نەگاتە مەحاکم, چونکە ئەگەر بەو پێوەرە بچینە دووی, موعامەلە بە دوو ساڵ، سێ ساڵ کۆتایی نایێ, مەفروزە وەزارەت تەعلیمات دەرکات, موستەمسەکات دیار دەکات, ئەوەی مەتلۆبە کە شمول بکات شەهید چی دەوێ, ئەو لیژنەیەش لیژنەی ئیعتیرازات بێت, بۆ ئەوەی تەسهیلی ئەمر بۆ مەحاکم بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاتووە, ئەڵێ ئەو لیژنەیە هەڵدەستێ بەکاری (للنظر في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي الشهداء و المؤنفلين على القرارات الصادرة من المديريات العامة في المحافظات) بەلأم بەداخەوە لە ماددەی سێیەم مودیریاتی عامان لابرد, چونکە ماددەی سێمان گۆڕی بەشێوەیەکی تر, باشە ئەم کەس و کاری شەهید و ئەنفالە موعامەلاتی خۆیان پێشکەشی کوێ ئەکەن, ئێمە مودیریاتی عامان لابرد, یەعنی مودیریاتی عام ئیلغا کرایەوە, هەموو شتەکان ئەچێتە مەحکەمە وایە, خۆیان هیچ سلأحیەتێکیان نییە، ئێستا ئەوەشیان لێبستێننەوە, من شتێکی تریشم هەیە, لەگەڵ ئەوەم لە 30 رۆژەکە، لەگەڵ ئەوەم مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی، بەلأم ئەم برگە شەشە هیچ لێی تێناگەم بۆچی لابىردرێت, یەعنی لە ئیقتیراحەکە لابردراوە, سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە فەقەرەی (2)ی ماددەی چوار هەر ئیلغا بكرێ, چونكە تەزەڵوم بەگوێرەی قانونی موڕافەعاتی مەدەنی لەقەراری مەحاكم ئەدرێ لە ئەوامری ولائیی, ئێمە مادەم حەقێكمان داوە لەفەقەرەی چوار, كە بچێتە بەردەم مەحكەمەی بەدائە, ئەگەر هاتوو قەرارەكەی وەرنەگرت, بچێتە بەردەم مەحكەمەی ئیستئناف تەعنی لێبدات لەو قەرارە, بەواتا ئەگەر ئێمە تەزەڵومێك لێرە ڕووبدات لەفەقەرە دوو, لە فەقەرەی چواریش حەق بدات بە مەحكەمە و, هەدەفی ئەم قانونەش كار ئاسانی بۆ شەهیدان بكات, ئەوەندە سەرقاڵ نەبن بە مەحاكم, تەزەڵوم, لیجان و ئیستیئنافەوە, باشتر وایە ئەو فەقەرە دووە لابردرێت, مادەم حەقی هەیە, چونكە لە فەقەرەی چواریش ئەڵێ (یحق لای شخص ذی المصلحة للجوء الی المحاكم), چووە مەحاكم ئەوە شامل ترە, بەڵام بەنیسبەت رای لیژنەی قانونی, من زۆر ڕێزم هەیە بۆیان, ئەڵێ بابچێتە مەحكەمەی شەرعی، ئەحوالی شەخصی, مەحكەمەی ئەحوالی شەخسی سلاٌحیەتەكانی تەحدید كراوە, ئەمەش دەعوای مال ئەبێت, چونكە ئیمتیازات و حقوق بریتیە لە مال و پارەو مولك, ئەمە ناچێتە ئیختیساسی مەحكمەی شەرعی, بۆیە باشترە لەمەحكەمەی بەدائە بمێنێتەوە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من لەگەڵ ئەوەم, بڕگەی (6)ی ئەو ماوەی (6) مانگە لابردرێت, چونكە لەلای ئێمە ڕۆتین زۆرە, كێشەی زۆربەی كەس وكاری شەهید ئەوەیە كە نفوسیان نییە, كێشەیەكی یاسایمان هەیە, ئێمە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەو كێشانەی كە هاتوونە بەردەست, لەساڵی 1999 یاسایەك دەرچووە لەپەرلەمان, ئەو كاتە حكومەت دوو ئیدارە بووە, ئەو یاسایە ئێستا لە ئیدارەی دووەم ئیشی پێناكرێ, من نوسخەیەكم بردووە بۆ مەحاكمەكان, وتویانە هەتا بە قەرارێكی پەرلەمان یان بەقەرارێكی وەزارەتی داد فەرز نەكرێ بەسەرمان ناتوانین بیخەینە خزمەت بۆ كەس وكاری شەهیدان, بۆیە ئەوان ئێستا كۆمەڵێك كێشەی یاسایی گەورەیان هەیە, پێشتر چارەسەری كێشەكانیان بكەین, ئینجا ئەوكات ئەتوانین لێرە جێگایان بكەینەوە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**خاتوو چنار جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز چنار سعد عبداللە/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**كاك رشاد و كاك ئارێز, باسی ئەوەیان كرد كە ئەو لیژنە تەحقیقیە یان بەو سیغەیە نەبێت, یان بەو شكلە نەبێ, یان هەر نەبێ, لێرە زكر نەكرێ, بەڵكو بۆ تەعلیمات دوایی خودی وەزیر و ئەو دەسەڵاتە بدرێتە ئەو, من ئەڵێم با هەبێ لەبەر ئەوە ئێمە مەلائیكەت نین, رەنگە ئەگەر ئەوە بەقانون تەسبیت نەبێ،**

بەیانی مـن غـەدر بکـەم, یـان سکرتێرەکەی خـۆم دادەنـێم,یـان ئیحتیمالـە کەسـێك خزمەکـەی خۆمـە، یـان ئیعیتمـاد لەسـەر خـەڵکانێك دەکـەم,بـەڵام لەسـەر خـەڵکانێکی تـر ناکـەم, مەزاجیـەت و عاتیفـە لێـرە دەوردەبینێت, بۆیـە ئەگـەر بـەقانون تەسـبیت بێت, ئـەو دەمـای هـەر کـێ بێت مـودیر عـام, خـۆ تەبعـەن قانونیش هەر لەوێ دەبێت, مودیریەتە یاسایەکە لـەوێ لـەناو وەزارەت ئەنـدام دەبـێ لـەو لیژنەیـە, مـودیر عامیشمان یەعنی ویستیتمان مەسەلەکە زۆر گەورەی بکەین و تەعزیمی بکەین, لەبەر ئەوە نەمان ویستیە لە سنووری یەك مودیریـەتی یاسایی بیهێڵینـەوە, بـەڵکو دەمانـەوێ مـودیری عـامی دیـوانیش لـەوێ بێـت, لەهەمان کات مودیری یاسا, ئەوانی تریش لیژنەکان تەحدیـدمان نەکردیـە, ئـەوەی کـە بـەزەروری دەزانـین دەبێتە عەزو لەو لیژنەیـە, بـەڵام ئەگـەر بـەقانون دانـرا, پـێم وایـە ئـەوە تۆزێـك دەسـەڵاتی وەزیـر حەسـڕ دەکات, من داوا دەکەم دەسەڵاتی وەزیر حەسڕ بکات, سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی چوارەم بڕگەی (2) پێم باشە خاڵەك زیاد بکرێ, ئەویش ئەو لیژنەیە ئەرکەکانی ئـەوەبێت چاو بەهەموو ئەو لیستانە بخشێنێت, کـە تائێستا لـە دەزگـا و وەزارەتـی شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکان ماوەتـەوە, بەداخەوە هـەر هەسـت ئەکـەی کـە تێکەڵیـەك هەیـە, مـن نموونەیـەك زۆر بەسـیت دەهێـنم, ئێمـە شـەهید (سەربەست مەحمود) کەئەندامی مەکتەبی سیاسمانە, جاشێك راتب و ئیمتیازاتی زۆر لەوی زیاترە, یەعنی تەماشا دەکەین جاش, ئەگـەر لـە شـەڕی نـاوەخۆ بـێ یـان لـە هـەر شـوێنێکی تـر شـەهید بـووبێ, لـە پـێش شەهیدانی سەنگەر حیسابی بۆ کـراوە, بۆیـە پێویسـتە ئـەرکێکی ئـەم لیژنەیـە سـەر راسـت کردنـەوەی ئـەم لیستانە بێت, ئەمە خاڵێك و, لەهەمان کاتدا ئەوەی کـە تێبینـی دەکـرێ لـە تەسـنیف کـردن, ئـەو تەسـنیف کردنە کە کراوە, دیسان ئەو لیژنەیە دەبێ لەناو خۆی چەند لیژنەیەکی تر پێك بهێنـێ, ئێمـە لێـرەدا ئـەو شتانە ورد نەکراوەتەوە و, ئەگەر هـەموو شـتێك بـۆ پێـڕەوی نـاوەخۆ بـەجێبهێڵین, لەلایـەن وەزارەتەکـەوە دادەنرێ, من تەسەوڕ دەکەم دیسان هەمان شت ئەمانە دووبارە دەبێـتەوە, لەبەر ئـەوەی لەوانەیـە لـەوەیش بەمیزاجی کۆمەڵێك کەس پەیڕەوە ناوەخۆیەکە دابڕێژرێتـەوە, یـەعنی جاش و بـاش تێکـەڵ بکـرێ, بۆیـە یەعنی ئیزافە بکرێ بەو شێوەیە, یەك لە ئەرکەکان ئەوەبێ پێداچوونەوەی سەرجەم لیستەکانی شـەهیدان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تەرخان کردنی دادگای باری کەسی بۆ ئەوەی تەزەلوم روونەدات, لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسـایی ئەوەی داناوە، چونکە کاروبارەکان هەمووی هی خێزانی شەهیدانە, دائیمەن دادگای بـاری کەسـیش تایبەتـە بە کاروباری خێزان, بۆیە ئەمەمان دانا نەمان هێشت بگاتە دادگای بەدائە, سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بۆ ئیزافەی قسەكانی مامۆستا كاكە, ئەو كێشەی دەچێتە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی ئیسپات بكرێ, ئەوە شەهیدە یان نا ء بۆ ئەوە نییە كە حقوقی مالی موناقەشە بكرێ, دیارە ئیسپاتی شەهیدبوون و شەهیدنەبوون چەند شتێكی دەوێ, ئیسپاتی وەفاتی دەوێ, ئیسپاتی قەسام شەرعی دەوێ, زەوجیەی دەوێ, یەعنی بڵێین ئەوە ژنی فلانە شەهیدە, لەبەرئەوەی ئەو شتانە هەمووی ئیختیساسی مەحكەمەی ئەحوالی شەخسیە, بۆیە مەحكەمەی ئەحوالی شەخسی تایبەت ترە لە مەحكەمەی بەدائە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وشەی تەزەڵوم منیش پێم دروستە لابچێتن, چونكە ئیحتیمالە ئەو كەسەی بچێتە مەحكەمە ئەو خاوەن حەق نەبێت, ئەو غەڵەت بێ و وەزارەتەكە قەرارەكەی دروست بێ, لەبەر ئەوە ئەو وشە شەرت نییە ئەوەی بچێتە مەحكەمە زوڵمی لێكرابێ, ئەمە یەك, بەنیسبەت تەعن, مودەی تەعن چونكە قەرارەكە قەراری مەحكەمە نییە, قەراری ئیداریە، بۆیە ماوەكەی ئەگەر زۆرتر بێت باشترە, چونكە ئەگەر قەراری دادگا بوایە 15 رۆژ یان 10 رۆژ بوایە ئەوكات هیچ موشكیلەك نەبوو, بەس ئیحتیمالە ئەو وەزارەتە یان ئەو لیژنەیە ئیشتیباه بكا لەقەرارەكەی, بۆیە 30 رۆژ بێت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەزەڵوم كە باس دەكرێ مانای ئەوە نییە زوڵمی لێكرایە دەچێتە بەردەم مەحكەمە, تەزەڵوم لەپێش ئەوە لیژنەیە كە بڕیاری دەركردیە دووبارە سكالاَیەكەی پێشكەش دەكات, ئەوە دووبارە لەڕووی قانونییەوە لەزمانی یاسا پێدەڵێین تەزەڵوم, لەهەمان دائیرە یان هەمان لیژنە پێشكەش دەكات داواكەی, ئەمە پێدەڵێین تەزەڵوم, دوای ئەوەی كە تەزەڵوم خلاس بوو هیچی بۆ ناكرێ, خۆناكرێ لەوێ بسەلمێنرێ, عەدالەت وا دەخوازی روو لە دادگا بكات, لەدادگا داواكەی بسەلمێنرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەمڕۆ زۆر موناقەشە كرا, بەنیسبەت ئەو ئیعتیرازەی كاك غفور مەخموری, ئەوە نابێ لەقانون دا هەبێ, ئەوە وەزیر مەجبورە پێدا بچێتەوە, ئیش و كاری وەزارەت موعەڕەزە بۆ رەقابەی مالی, رەقابەی مالی ئەگەر هەر كەسێك بەشەهید نووسرابێ, مەرجی شەهیدی تێدا نەبێ, ئیعتیرازی دەگرێت, من لەئیدارەی سلێمانی راپۆرتی رەقابەی مالیم خوێندەوە, كۆمەڵەك ئیعتیرازی گرتووە لەسەر ئەو بڕیارانەی كە دراوە بۆ تەعریف كردنی شەهید, هەروەها ئەرز دراوە بە كەسانێك بەناوی ئەوەی كە شەهیدن, ئەو شروتەی كە هەیە متەوەفر نییە ئیعتیرازیان لەسەر گرتووە, لەبەر ئەوە لە قانون نابێتن, بەلاَم ئەوە ئیشی وەزارەتە, دەبێ بەپێی ئەو قانونە, ئەوەی پێشیش كراوە پێدابچێتەوە, هەر پێناسەیەك مەرجی شەهیدی لەسەر

تەتبیق نـەبێ دەبـێ لای ببات، پێویست ناکات بنووسرێـت, بەنیسبەت بڕگە (2, 4) برگـە (2) لیژنـەکـە تایبەتە لەناو وەزارەت بۆماوەی 30 رۆژ، ئەگەر ئەو لیژنەیە حەقی نەداتێ, صاحێبی شکایەتەکە هەستی کـرد کـە زوڵمـی لێکرایـە, ئـەو کـات بـۆی هەیـە بچێتە مەحکەمـە, بـەڵام لێـرە ئیختـیلاف هەیـە بەڕاسـتی مەحکەمەی بەدائە نووسراوە و, ئیقتیراحیش ئەوەیە کە مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی بنووسرێ, هـەردوو مەحکەمـە شـتەکان دەبیـنن بەڕاسـتی, هەنـدێکیان لـە مەحکەمـەی شەخسیە و هەنـدێکیان لـە محکەمـەی بەدائەیە, لەبەرئەوەی پێم باشە بنووسـرێ مەحکمـەی موختەسـە, ئـەوەی عیلاقـەی بەمحکەمـەی ئـەحوالی شەخسی بێت, ئەگەر قەسامی شەرعی بێت پێویستی بە مەحکەمەی ئەحوالی شەخسیە, کاك فرست رەئیـی وایە زۆر شت هەیە دەبێ لەمەحکەمەی بەدائە بێت, کاك شیروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دوو رەئیی هەیە, رەئیەك هەیە دەڵێ مەحکەمەی بەدائە رەنگە موختەس بێت, رەئیەکیش هەیـە دەڵێ مەحکەمەی ئەحوالی شەخسیە, ئێمە وا لۆی دەچین کە مەحکەمەی ئـەحوالی شەخسـی موختەسـە بـۆ دیتنی ئەو دەعوایانە, تەبیعی ئەو مەحکەمەش نزیکە لە قەساماتی شـەرعی و حوجـەتی وەفات, ئیسـپاتی بنوەت لەئیسپاتی نەسب....الخ), بۆیە ئەوەش ئیسپاتی شەهادەیە، دەڵێین ئیسپاتی شەهادەش هەر وەك ئەو حوجانەیە, ئیمکان هەیە ئەوە لە ئـەحوالی شەخسـی بزانـدرێ ئەمـە یـەك, دوو ئێمـە دەبـێ دەسـت نیشـانی مەحکەمـە بکـەین لـەناو قانونەکـە ئایـا مەحکەمـەی بدائەیـە یـان مەحکەمـەی ئـەحوالی شەخسـیە, ئەگـەر مەحکەمەی بەدائە بێ چۆن دەست نیشانی دەکات, ئەگەر ئێمە بە قانون ئەو دەسەڵاتە نەدەینە مەحکەمە, مەحکەمە ناتوانێ سەربەخۆ دەست نیشانی مەحکەمە بکات, ئەوە موختەسـە, دەبـێ ئێمـە بـەقانون دەسـت نیشانی ئەوە بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست رەئیی خۆی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناحیەی ئیختیساسی مەحاکم قانونی مورافەعاتی مەدەنی ئیختیساسی هەموو مەحاکمەکان دیاری دەکات, بەگوێرەی ئیختیساس هەر نیزاعێك ببێتن, تەشخیس کـرا بێـت یـان نـەکرا بێـت, ئـەوا بـەم جـۆرە قـانونی مورافەعاتی مەدەنی ئیختیساسەکان دیاری دەکات, بەڵام نیزاع لەو مەوزوعە تەنها لەسەر واقیعەتی شەهادە نییە, دوور نییە نیزاع لەسەر حصەی تەقاعودی بێتن, دوور نییـە نیـزاع لەسـەر ئیسـتحقاقی حصـە بـێتن, یەك بڵێتن ئەمن موستەحەقم, یەکێ تر بڵێ موستەحەق نـی, دوور نییـە نیـزاع لەسـەر حـەقی تەمـەلوکی عەردێك بێتن, لەبەر ئەوە من دەڵێم ئەصڵەکە بیدائەیە ئەوەی تر هەمووی ئیستسنائە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەبێ ئیسپات بکەین ئەوە شەهیدە یان شەهید نییە, ئینجا ئیستحقاقی تەقاعودی دەبێتن, ئیستحقاقی حقوق و واجباتی دەبێتن, ئیستحقاقی حصەی دەبێت, موراجەعەی مەحکەمەی بەدائە دەکات, لێرە لەو قانونە بەس بۆ ئیسپاتی بەیانی شەهاداتە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کێشەکە لەوەدانییە ئەو کەسە شەهیدە یان نـاء چونکە بەپێی خاڵێك لەم یاسایە دەیگرێتەوە کە شەهیدە, چونکە باسمان کرد ئەو کەسەی جاش, ئێستا لێرە زۆر برادەران ئەو قسەیان درووژاند, حەقە ئێوە بەنەزەری ئیعتیباری وەربگرن, من پشتگیری قسەکانی کاك غفور دەکەم و, پێشتریش خۆم باسم کرد, حەقە جاش بەمانای جاشی ئیعتیادی تەبیعیە بێتە ناو خانەی شەهیدان, بەلاَم جاشێك پلەی هەبووە, ئامری مەفرەزەیەك بووە یان موستەشار بووە, یان مەفرەزەی ئەمن بووە, ئەوانە دەبێ بەیاسا دەربکرێ, نابێ بەهیچ شێوەیەك مووچە لەو شوێنە وەربگرن کە شەهیدانی گەلی کوردستان مووچەی لێ وەردەگرن, بەیاسا شمولیان دەکات، چونکە پێشمەرگەبووە لە شەڕی ناوەخۆش شەهید بووە, بەیاسا شمولیان دەکات ئەوە شەهید بووە, بەپێی یاسا ناتوانین جیایانبکەینەوە, بەلاَم ئێمە دەبێ بەپێی قەرارێك جیای بکەینەوە, چونکە بەڕاستی ئێمە دەبێ شەهیدانی خۆمان ئاسوودە بکەین, ئەگەر ئەوە تێکەڵ بکەین زۆر دڵ گران و نارەحەتیان دەکەین, لێرە ئەوە یەکلابکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەمەوێ بزانم جەنابی وەزیر چ دەڵێ, چونکە من تێکەلاَویەکە نابینم, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران هەمووی لە دڵسۆزیە ئەو نیقاشە توندە دەکەن, بەس لێرە مەسەلەکە زیاتر لەوەیە کە ئیسپات بکەین شەهیدە یان شەهید نییە, یەعنی قسە لەسەر مەرحەلەی دووەم نەکرایە, کە مەعاشەکان نیزاعیان هەیە یان نیتیان, یان ئەو پارچە عاردەی کە وەری دەگرن, جەنابی سکرتێری پەرلەمان لەمەرحەلەی یەکەم دەمانەوێ ئەوە ئیسپات بکەین, ئەگەر لەوەزارەت کابرا هەستی کرد زوڵمی لێ دەکرێ, یان لیژنەکە زوڵمی لێ کرد, لێرەدا ئەو قانونە ئیستیعانە بەوە دەکات, دەتوانێ بچێت لەمەحکەمە شکایەت بکات, بۆ ئەوەی مەحکەمە ئیسپات بکات کە شەهیدە بە دەلائیل, لێرە دەبێ ئیستیعانە بەکام مەحکەمە بکات؟ کاك فرست ئەوە پرسیارەکەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعقیبێکم هەیە لەسەر قسەکانی کاک غفور و کاک عوسمان, بەحقیقەت منیش لەگەڵ ئەوەدام, بەلاّم پێناسەی شەهید مەجالی ئەوە نادا کە کابرایەك جاش بێ یان بەڕووداو بێ کەبەشەهید حیساب بکرێ ئەمە یەك, بەلاّم لە حاڵەتی دووەم یەکێك بێ ئیدیعا بکات کە شەهیدی هەیە وەدەریش بچێ کە راست نییە, لێرە پێم وایە هەندێك عقوباتی جەزائیی دابنێین وەکو رەدعێك, هەم دەبێتە زەمانێك بۆ مافی کەس و کاری شەهیدان, لێرە دوو حاڵەت هەیە, پێش تەشریعیەتی ئەو قانونە لەوانەیە یەکێك ئیدیعا بکات کە شەهیدی هەیە, من پێشنیاردەکەم تەنها غەرامەی لەسەر بێ, لەحاڵەتی دووەم ئەگەر پاش تەشریعی ئەو قانونە ئیدیعای کرد بێ کە ئەوکات پێم وایە حەپسیشی لەگەڵدا بێت, بەلاّم لەم ماددەیە موعالەجە ناکرێ، لەئەحکامی عام لەماددەی 9 ئەوە پێشنیار دەکات, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعی ئەو جاشانەی کەباسیان کرد و پێشمەرگە, ئەو جاشانە پێش 4 ساڵ 5 ساڵ مەعاشی وەردەگرن هی مەفرەزە خاصەکانە بەتایبەتی هەندێکیان دەتوانم ناویان بڵێم, ئەوە دەرچووە کە ئایا ئەو جاشانە مەعاشیان بەردەکەوێ یان بەر ناکەوێ ئەوە تەواو بووە, بەلاّم من داوا دەکەم لەجەنابی وەزیر ئەو نوقتەیە زۆر بە ئیهتیمام وەربگرێ, من سەد لەسەد تەئیدی قسەکانی کاک عوسمان دەکەم, گوناحێکی زۆر گەورەیە شەهیدێکی پێشمەرگە لەگەڵ یەکێکی مەفرەزە خاصە پێکەوە بچن لەیەك دەزگای شەهید، یان یەك بانق مەعاش وەربگرن, ئەوە جەریمەیە و, هەشە, بەلاّم لیژنەیەکی پێداچوونەوە لەوەزارەت تەشکیل بکرێ, ئەگەر ئەو لیژنەیە بتوانێ و بوێرێ ئەو برا جاشانە لەو قائیمەیە دەربهێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەوانەی برادەران دەڵێن من بۆخۆم ئەنتی جاشم, یەعنی دژی جاشم بەهەموو نەوعێك، تەبعەن لەگەڵ رێژم هەندێك جاش هەبوونە لەبنەوە هاوکاری پێشمەرگەیان کردیە ئەوە ئینکاری ناکرێ, دوایی هەندێکمان هەبووە موجریمن بەڕاستی حەقە وەکو صدام حسین و داروودەستەکەی تەعامولی لەگەڵ بکەین, ئەوە مەسەلەیەکی عاتیفیە و سیاسیە لەهەمان کاتدا دەبێ ئیشی بۆ بکەین, بەلاّم لەبیر مەکەن بەرەی کوردستانی لە ساڵی لە 91 عەفوی عامی دەرکرد بۆ هەموو ئەوانەی ئەو دەمەی لەگەڵ حکومەتی بەعس ئیشیان کردبوو, چ ئەمن با یان موستەشار بوایە, تەبعەن من سەردانی سەرۆکی هەرێمم کرد ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ شەرح کرد, گوتم کەس و کاری شەهید گلەییان هەیە, یەعنی کورە شەهیدەك کە پێشمەرگە بووە لەگەڵ جاشەك مووچە وەربگرن, حەتا گوتم یان ئەمن یان ئەو جاشانە, ئەویش گوتی بڕیاری بەرەی کوردستانیە, عەفوی عام درایە, پاشی عەفوی عام کە درا, ئەوان هەر کەسەو تەوزیع بوون بەسەر ئەحزابە کوردیەکان، بوونە پێشمەرگە, شەڕی برا کوژیشیان کرد لەگەڵ ئەحزابەکان, مانای ئەوەیە ئەوەی کە پێشتر لە 91 لە جاشاتی کوژرایە, ئەوە جەریمەیە مەعاشی بدرێتی, بەلاّم ئەوانەی لەناو

ئەحزابەکان, یەعنی ئێوە واقیعی بن هەشیانە مەسئولیەتی هەیە زیندیە, ئەدی ئەوان چ لێبکەین, یان ئەوەتە هەمووی حەسم بکەین, ئەوەش قەرارێکی سیاسی دەوێ, یان ئەوەتە دەبێ لەهەمووان دەست پێبکەین, ئەوە ئیشێکی قورسە من لەگەڵ ئێوەم, بەلاّم بە مەرحەلە, لەو زەرفە سیاسیە پێم وایە ئەوە سەختە، زەحمەتە خۆمان تووشی ئەو گەردەواڵەیە بکەین, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی ئەو جاشانە ناکەین, کە عەفوی دراینە و هاتینە ناو حزبەکان و کوژراینە, ئەوانە شەهیدن و قبوڵمانە, من و کاك عوسمان و کاك غفور باسی ئەوانە دەکەین کە پێش ئینتیفازە کوژراینە, بە جاشاتی کوژراینە بە ناوی حزبەکان کوژراینە, ئەوانەی ئێستا لەناو لیستی شەهیدانی ئێمەنە حزبەکان دیفاعی لێدەکەن, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە سەرۆکی پەرلەمان, داوا لەو برادەرانە دەکەین, ئەو ناوانە بدەنە مە بۆ ئەوەی تەصفیەی بکەین, سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا ئەزانم ئێمە لە موناقەشەی چوارچێوەی یاساکە دەرچووین, چونکە یاساکە خۆی پێناسەی شەهید و موئەنفەلی کردووە, ئێمە لەوە دەرچووین, جا با بگەڕێینەوە باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پێم وایە نوقتەی نیزامەکەت راستە, لەمەوزوع دەرچووین, کوێستان خان ئەگەر دەگەڕێیەوە سەر مەوزوع باشە, چونکە نوقتەی نیزامی کرد, فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وانییە, هیچ سەرۆك جاشێك یان هەر جاشێك کە دەستی بە خوێنی پێشمەرگەی هەر لایەکەوە سوور بێت, لەبنەوە پەیوەندی بە هیچ حزبێك هەبێت, ناکرێ یەکێتی کۆمەڵێك جاش و موستەشار بخاتە بن باڵی خۆی, بلێ پێش راپەڕین پەیوەندی بەمنەوە هەبووە دەستی لە کوشتنی کۆمەڵێك پێشمەرگەی پارتی هەبووبێت پێش راپەرین, ئەمە شتێکە حەقە ببینێ, دووەم ئەوەی کاك عوسمان دەڵێ سەرکردە هەیە فیعلەن ئێستا هەیە لەگەڵ بکوژەکەی لەیەك لیست مەعاش وەردەگرێ, با لەدوو بانقی جیاواز وەریبگرێت, با لەلیستێکی جیاواز بێت, لەشەڕی ناوەخۆ کوژراوە یان هەرچیەك بووە, بەلاّم بە دوو لیستی جیا, لەدوو

بانقی جیا, ناکرێ من شەهیدێکم لەگەڵ بکوژەکەم بەیەك لیست مـەعاش وەربگـرم, یـان لەیـەك رۆژ بچـین مەعاش وەربگرین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دوو سێ مولاحەزە دەدەم, ئیجازەم بدەن, هەر جاشێك لەپێش راپەرین کوژرابێت بەناوی شەهید, ئـەوە قبوڵ نییە, دەبێ وەزیر ئەمە تەحقیق بکات, ئەمە یەك.

دوو: ئەو ئیتلاقیەتە نییە, لەڕاستیدا ئەوەی جەنابت دەفەرمووی کوێستان خـان, هـەبووە مـن خۆشـم دژی جاش بووم, هاوکار بووەو من خۆشم یەکێك لەوانەم, ئەگەر جـاش نەبوایـە مـن دەمـردم, منیـان گواسـتەوە بەناوی جەیشی عێراقـی لەگـەڵ برادەرێکـی تـر لەگـەڵم بـوو, هـەتا ئێمـەیان گەیانـدە مەنتیقـەی قـەڵادزێ, لـەوێش رۆیشـتین هـەتا ناوچـەی قـەڵاتوکان هـەتا تەسـلیمی پێشـمەرگەیان کـردم مـن هـەر جـاش بـووم, لەبەرئەوە ناکرێ بەو ئیتلاقیە بڵێین, لەبەر ئەوە تەنزیم هەبوو, ئێمە تەنزیمی یـەکێتی بـووین بەنامـە و شتی تر, بەڵام بەناویش جاش بووین, لەبەر ئـەوە هەیـە، بـەڵام ئەقەلیەتـە لەوانەیـە لـە سـەدا یـەك بێـت, بەس ئەو ئیتلاقەیەی بڵێـی هـەر هـەموویان وانییـە, هەبوونـە دەوریشـیان هـەبووە, هاوکاریشـیان کـردووە, فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناڵێم هەر نەبووە, بەڵام موستەشارێك پێشمەرگەی لایەنێکی شەهید کردبێ ئەگەر لەبنـەوە پەیوەنـدی بەهەر حزبێکیش هەبێت ئەچێتە خانەی خیانەتەوە, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

باس ناکەین, تەواو هەمووی خارج مەوزوعە, فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەك دەکەم ئەوانەی مەسئولیەتیان هەبووە لەجاشاتی, ئەوانە خۆیان سەر بەچ حزبێـك بووینـە, لە ناو حکومەت نەمێنێن حزبەکە خۆی تەحەمولیان بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمــەوزوع دەرچــووین تــەواو کــاك غفــور تــەواو, لەمــەوزوع دەرچــووین وەکــو پەخشــان خــان گــووتی, تەعریفەکەمان کردووە, خاتوو چنار خارجی مەوزوع, خـارجی قـانون موکەلەفـە بـەوەی کـە ئـەوەی جـاش بووبێت لەپێش راپەرین, پاش راپەرین ناوی پێناسەی شەهیدی وەرگرتبێ, دەبێ لابدرێت, خـارجی قانونـە دەگەڕێینەوە سەر برگە (4) قسە هەیە, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر ئەو ماددەیە نوقتەی نیزامێکم هەیە، بەنیسبەت شەهیدی سەنگەر، لەعینوانی شەهیدی سەنگەر هیچ کێشەیەکمان نییە، عینوانی شەهیدە، بەڵام خۆتان باش دەزانن قەزیەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە هیچ موستەمەسەکاتیان نەماوە، عائیلە هەیە 15 کەسی شەهید بووە، هیچ هەویەی نەماوە ئیتر کوڕو کچیان هیچیان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە، کاك فرست فەقەرەی (4) تەوزیح دەکات، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەتیجەی موناقەشە و گفتوگۆی برادەران، وا دیاری کرد بڕگەی (4) شاملی یەك حاڵەتە، ئەوەیش ئیسپات کردنی شەهادەیە، منیش ئەڵێم وانییە، قسەی منیش زیاتر لایەنی برادەرانی حقوقیە، ئەگەر تەماشا بکەین فەقەرەکە بەعەرەبی (صدر و عجز)ی هەیە، صەدرەکە بیدایەتەکەیە، چۆن ئیسپاتی واقیعەی شەهادەکەیە، بەعەرەبی (یحق لأی شخص ذی مصلحة اللجوء الی المحاکم لاثبات شموله باحکام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قراراها بالرفض)، ئەوە حاڵەتی ئیسپاتی شەهادەکەیە، مەشمولە بەو قانونە یان ناء بابچینە عجزی ماددەکە، عجزی ماددەکە (تکون محاکم البداءة الجهة المختصة في النظر في النزاعات)، چونکە موشەریع لێرە تەوقوع دەکات مەجموعەیەك نیزاعات دەربچێت، وەکو من باسم کرد، بابڵێین خیبرەی من یان زانینی من ئەو قانونە مەجموعەی نیزاعاتی لێ دەرئەچێ، یەکێك لەوان شەهیدێك دەرئەچێت خێزانێکی هەیە ناوی لە قەسام نییە، ئەوە ئەچێتە مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی، تەصحیحی ئەو ئەحوالە دەکات، بەس دوور نییە وا تەصەوڕ بکات کە غەدر لەبەشە تەقاعودەکە بووە، شەرت نییە تەسەورەکەش راست بێ یان ناء دوور نییە وا تەسەور بکات بەشەکەی کەمە، یان وەرسەکانی غەدریان لێ کردیە، لێرە دێ دەعوایەك دەکات، ئەو دەعوایە بەڕەیی من مادەم دەعوای حصەی تەقاعودیە، یان دوور نییە دەعوای ئیستیحقاق بێت، لەسەر تەعویزی عەردێك بێت، یان دەعوای مولك بێت، یان دەعوایەکی تر لەو شوێنەیە بێت، ئەصڵەکە مەحکەمەی بەدائیە، عجزەکەش بەم شێوەیە (تکون محاکم البداءة الجهة المختصة في النظر في النزاعات الناشئة عن تطبيق احكام هذا القانون)، بە موتڵەقی هاتووە و، تەوقوع کراوە کە زۆر نیزاع لە تەتبیق کردنی قانون بێت، مەوزوع نییە، ئەو قانونە تەنزیمی حالەتی شەهادە بەتەنیا ناکات، تەنزیمی ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان ئەکات، ماف و ئیمتیازاتیش ئێمە ناتوانین حەصری بکەین بە فەقەرەیەك، یان بە ئیمتیازێك یان بە مافێك، سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی (4) تەنها و تەنها شمولی سەلماندنی حالەتی شەهادەت دەگەینێ، نیزاعی تر ئەگەر رووبدات ئەحکامی عامە هەیە، مەحاکمی تر هەیە، هەر مەحکەمەیەك بەپێی ئیختیصاصی خۆی ئەو نیزاعانە

چارەسەر دەكات, بەلأم مەسەلەی ئیسپاتی واقیعی حالی شەهادەكە دەبیّ لەو یاسایە دیاری بكریّت, ئـەوەیش ئیّمە وامان پیّ پەسەندە, مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی باشترین مەحكەمەیـە نزیكـە لـە مەسـەلەی دیـاری كردنی ئەم حالەتە, سوپاس.

**بەرِیّز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی بەرای من ئەو صیغەیە وای لیّبیّتن باشترە ( یحق لأی شخص ذی المصلحة اللجوء الی المحاكم لاثبات شموله باحكام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قرارها بالرفض و تكون محاكم البـداءة الاول ای محاكم الاحوال الشخصية كل حسب اختصاصه في النظر في النزاعات الناشئة عن تطبيـق احكام هـذا القـانون), كاك عمر فەرموو.

**بەرِیّز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرِیّز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەلّ رەئیەكەی لیژنەی یاسایی تـا حـەدیّك لەگـەلّیان بـووم بـۆ ئیسـپات كردنـی شـەهید, بـەلأم خـۆی ئیسپات كردنی شەهید مەفروزە لەلایەن حزبەكانەوە بیّت, ئەوانەی كە شەهیدن, شەهیدی سەنگەر ناویـان لە حزبەكان هەیە, ئەوانەی لەسەر خەباتی سیاسی لە زیندانەكان گیراون, ئیعـدام كـراون ناویـان لـە لیسـتی حزبەكانی خۆیان هەیە, هیچ پیّویستی بە ئیسپاتی مەحكەمـە نییـە, بلّیّن فلانـە كـەس شـەهیدە یـان نـاء ماعەدا چەند حالەتیّكی كەم دەمیّنیّتەوە, لەبەرئەوە وەكو كاك فرست باسـی كـرد, نیزاعـات بـە شـیّوەیەكی عام و شامل هاتووە, چونكە فەقەرەیەك لە فەقەرەكان باس لەو شـەهیدە دەكـەیت ئـەلّیی (أو مـن یعـولهم), حوجەی ئیعالەی بۆ دەرئەهیّنی, ئەو حوجە ئیعالیەش لە مەحكەمەی بەدائەت دەرئـەهیّنریّ, چـونكە ئـەم نیزاع و حقوقانەی شەهید حقوقی مالین زیاتر, سوپاس.

**بەرِیّز شیّروان ناصح حیدری:**

**بەرِیّز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسایی موافق بن, من حـەلیّكی تـرم هەیـە, بەنیسـبەت ئیسـپاتی شـەهادە بدریّتـە مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی, بەنیسبەت بەقییەی نیزاعات بدریّـتە مەحكەمەی بەدائە, سوپاس.

**بەرِیّز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەرِیّز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لـە موناقەشـەی بـرادەران دا دەردەكـەویّت, مەحكەمـەی ئـەحوالی شەخصـی تـەنها موختەسـە بـە نەسـب و حەسـب و قەسـامی شـەرعی, نـەخیّر ئـەحوالی شەخصـی زۆر زۆر وردەكـاری تـری هەیـە, وەك تـەخارج كـە حقوقی مەدەنیە, وەكو حقوقی مەدەنی بۆ ئەو كەسانەی كە ئـەفرادی عائیلـەن, بـۆ ئـەملاك كـرِین بـۆ زۆر شتی تر, خۆی حاكمی محكەمەی ئەحوالی شەخصی هیچ فەرقیّكی نییە لەگەلّ حاكمی مەحكەمەی بەدائـە, هەمان ئیمكانیەت و قابلیەت و مەعلوماتی هەیە, كەواتە چ جیاوازیەك هەیە لەنیّوان مەحكەمەی بەدائە و

